دەزگای رۆشنبیریی وبڵاوکردنەوەی کوردی
بەڕێوەبەری گشتی وسەرنووسەر
اسماعیل رسول

شەقامی الخلفاء
مەیدانی الخلافی
ت ٨٨٧٥٧٩٥/٥ خەت
ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

هاوکاری
التضامن

ڕۆژنامەیەکە
حەفتەی دووجار
دەردەچێ
٦ لاپەڕەیە
٢٥ فلسە

لە شەڕدا بمردەوام دەبین تا دوژمن دان بە
مافەکانماندا بنێت
سەرۆکی فەرماندە
صدام حسین

● دووشەممە ١٠ی تشرینی دووەم ١٩٨٠ ژمارە ٥٥٦ ●
● الاثنین ١٠ تشرین الثانی ١٩٨٠ العدد ٥٥٦ ●

سەرۆکی فەرماندە

عراق سەرچاوەیەکی گرنگی بە خشتی مرۆڤایەتی یە

مەلیکی سعودیە بە یوەندی بە سەرۆکی فەرماندەوە دەکا

سەرۆکی فەرماندە موهیب ڕکن صدام حسین سەرکردەی گشتی هیزە چەکدارەکان ، لەلایەن خاوەن شکۆ خالدی کوڕی عبدالعزیز مەلیکی وڵاتی عەرەبی سعودیەوە بە تەلەفون پەیوەندی پێوە کراوە.

لە ماوەی ئەمپەیوەندیەدا باری سەرنج دەربارەی دوا گۆڕانەکانی بەرەی ڕۆژهەڵاتی نیشتمانی عەرەبی باس کراوەو دیسان باسی پەیوەندی دووفولی هەردوو وڵاتی براو ڕێگای پەرەپێدانی باس کراوە.

بروسکەی پیرۆزبایی بۆ سەرۆکی فەرماندە بە بۆنەی ساڵی نوێی کۆچیەوە

سەرۆکی فەرماندە بەڕێز صدام حسین ژمارەیەک بروسکەی پیرۆزبایی لە خاوەن شکۆو بەڕێزان مەلیکو سەرۆکانی وڵاتە عەرەبی و براکانەوە بە بۆنەی داهاتنی ساڵی کۆچی نوێوە پێ گەیشتوە .

سەرۆکی بەڕێز بروسکەی پیرۆزبایی لە شیخ زاید بن سلطان ئال نهیان سەرۆکی دەوڵەتی میرنشینە عەرەبیەکانو شیخ جابر الاحمد ئەمیری دەوڵەتی کویتو سلطان قابوس بن سعید سلطانی عومانو احمد عبدالله عبدالرحمن سەرۆک کۆماری دورگەکانی قمری ئیسلامیو شیخ حمد بن خلیفە ئال ثانی حیکمی ئەمیرو وەزیری بەرگری دەوڵەتی قطرەوە پێ گەیشتوە .

ڕۆژنامەیەکی سەنیگال : قەزافی .. نیروی لیبیاو داردەستی ئیمپریالیە

داکار : ئا. د. ع :

ڕۆژنامەی (الشمس)ی سەنیگالی لە بانگەوازێکدا کە ئاراستەی وڵاتە ئەفەریقایەکانی کردوە ، داوای کردوە بەربەستی جموجوڵەکانی سەرۆکی ڕژیمی لیبیا موعەمەر قەزافی بکرێ چونکە بەنارەوا هێزی ناردوە بۆ تشادو دەستی خستۆتە کاروباری ئەووڵاتە . ڕۆژنامەکە وتویە کاتی ئەوە هات لەلایەن ڕێکخراوی یەکێتی ئەفەریقاوە ڕادەیەک بۆ ئەوکارانە دابنرێ کە لەگەڵ پەیمانی کیشوەری ئەفەریقادا ڕێناکەوێ و قەزافی لەسەر ڕێبازی هەڵبازی دەستی کردوە بە پەلاماردانی تشاد . هەروەها وتویە قەزافی داردەستی ئیستعمارەو بیروباوەڕی ڕەگەزپەرستی سەرخۆشی کردوە .

ڕۆژنامەیەکی هولندی کۆبوونەوەی پەرلەمانی فارسەکان مافیاو ... ئاژاوەگەری

ئەمستردام : ئا. د. ع :

ڕۆژنامەی « هندرس بلاد »ی هولندەیی بەرلەمانی ڕژیمی فارسی بۆ لێکۆڵینەوەی مەسەلەی بە بارمتەگیراوەکانی ئەمەریکای ڕا باس کردوە کە هەر لە کۆبوونەوەی مافیا دەچوو وەک چۆن ئەو چەتانەش کۆدەبنەوەو دەیانەوی بەشە دزیەکانی خۆیان بەش بکەن . دیسان وتویە ئەوەی لەو کۆبوونەوانەدا ڕوویاندا ، ئاژاوەگەری بوو بە مانای قەو رافسنجانی لە موعەلیمی مەکتەبی منداڵانی دەکرد بە خۆیو جەرەسەکەیەوە نەک لە سەرۆکی پەرلەمان .

ئەوەی شایانی باسە تەلەفزیونی بەغدا چەند جارێ ئەو فلیمەی پیشاندا کە زۆران بازی و ئاژاوەگەری ناو هێزەکانی ڕژیمی فارسەکان دەنوێنێ .

گفتوگۆی نێوان سۆڤیەتو ئەمریکا بۆ کەم کردنەوەی چەکی ستراتیژی لە ئەوروپادا

هەردوو وەفدی سۆڤیەتو ئەمریکا کە پێیان ڕاسپێردراوە ڕێکا بۆ گفتوگۆی کەم کردنەوەی چەکی ئەتۆمی لە ئەوروپادا خۆش بکەن ، شەوی پێنج شەممە لە سەر هەبنی ڕابوردوونە بنکەی وەفدی ئەمریکادا لە جنیف کۆبوونەوەیەکیان ئەنجام دا .

چەند سەرچاوەیەکی ئاگادار ووتوویانە کە هەردوو وەفدەکە هەر هەفتەیەک دووجار کۆبوونەوە ئەنجام دەدەنو هیچ چاوەڕوانیەکیش لە ئارادا نییە کە باشی هەڵبژاردنی ڕۆنالد ڕیگان بە سەرۆکی نوێی کۆشکی سپی گۆڕانێک لە ڕادەی بەیەک گەیشتنی دوو قۆلی نێوان هەردوولادا ڕوو بدات.

ئەوەبوو ڕیگان لە کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی شەوی پێنج شەممەی ڕابوردوودا ووتبووی کە مەسەلەی کەم کردنەوەی چەکی ستراتیژی ناکرێت لە سەرجەمی سیاسەتی یەکێتی سۆڤیەت جیا بکرێتەوە .

ووتووشیەتی لە گفتوگۆکانی داهاتوودا لە گەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا لە سەر ئەم پەیوەستیە سوور دەبێت .

مۆسکۆ بە بۆنەی شۆڕشی ئکتۆبەرەوە ئاهەنگ دەگێڕێت

لە مۆسکۆ ، ڕۆژی هەینی ی ڕابوردوو بە بۆنەی بیرەوەری ی شەستو سێ ساڵەی شۆڕشی ئکتۆبەرەوە لە گۆڕەپانی سووردا دەست بە ئاهەنگ گێڕان کرا .

ئەو ئاهەنگ گێڕانەی کە سەرۆکی سۆڤیەتی لیۆنێد بریجنیڤو سەرکردەکانی سۆڤیەت ئامادەی بوون بریتی بوو لە پێشاندانێکی گەورەی سوپایی سەرەڕای پێشاندانی تری جەماوەری .

لە سەرەتای ئاهەنگەکەدا دیمتری ئۆستینۆڤ وەزیری بەرگری ووتەیەکی خوێندەوە تیایدا سەبارەت بە بارو دۆخی ئیستای نێو دەوڵەتان دوواو هەوڵەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو پەیمانی ناتۆی ڕیسوا کرد کە هەوڵ دەدەن بە بۆ بەرژەوەندی ی خۆیان لارەسەنگی یەک بخەنە هاوسەنگی ی ستراتیژیانەی سوپایی یەوە.

لەبەر ڕووناکی وتە میژوویی یەکەی سەرۆکی فەرماندە - صدام حسین ـدا

میژووی پڕ لە شانازی ئێمەو میژووی تاریکی ئەوان

ئەو عیراقیەی ، ئەوەی میژوویەکی شارستانیەتی پڕ شانازی یە ، هەر ئەو عیراقیەیە کە بنەڕەتی شارستانیەتی تیشک هاویژی بۆ سەر هەموو مرۆڤایەتی بنیاتنا ، نە گۆڕاوە ، هەمان مرۆڤەو لەدایک بووی هەمان خاکەو هەمان هەوا هەڵدەمژێ ، هەمان ئاو دەخواتەوە، سەرکردەی رابەر صدام حسین کە ئەم ڕاستی یەمە دووپات دەکاتەوە ، متمانە بە میژوو دەکا ، مرۆڤی خاوەن باوەڕی دروستکەرو بنیات نەری شارستانیەت هەرگیز ڕەگەزپەرستو دەمار گیر نابێ و نەبووە « عیراقیەکان ، بەدرێژایی میژوویان ، ڕەگەزپەرست نەبوون ، نە عەرەبیان و نەکوردیان » ، کە ئەم ڕاستی یە میژوویە دەچەسپێ ، بێگومان ، چاوەڕێ ئەوە دەکرێ هەڵویستی گەلانو وڵاتانی دراوسێ ، بەرامبەر بەگەلێکی واخاوەن میژوو و هەڵویستی مرۆڤایەتی وەک گەلی عیراق ، جێگای دەستی ڕێز لێنانو دۆستایەتی بێ ، گەلە مەردەکەشمان هەر بەو جۆرە بوە لەناو کوڕو کۆمەڵەکانی دەوڵەتانو ئازادیخوازانی جیهاندا ، بەتایبەتی لەدوای شۆڕشی ١٧ - ٣٠ تەموزی مەزنەوە ، ئەگەر بار لەو شۆڕشە مەزنە عیراق جێگای خۆی نەگرتبێ ، چونکە ئەوسا « زۆر شتیان ناتەواو بوو ؛ لە پێشیانەوەو گرنگ ترینیان ئەوە بوو ڕوحیەتی خۆیانو ئەوانەی سەرکردایەتیان دەکەن وەک یەکو جەسپاوبێ » هەروەک سەرکردەی تێکوشەر صدام حسین دەڵێ ، بێگومان ئیستا ، گەلی عیراق ئەو سەرکردایەتیە رابەری دەکا کە لەڕەگی میژووی پڕ شانازی یەوە گەورە بوەو پێ گەیشتوە ، بۆیە لەو ڕۆژەوە عیراق ئەو جێگا بەهەقەی خۆی گرتوە لە کوڕو کۆمەڵانی جیهاندا شایەنەیتی ، رابەرێکی لێ هاتووشە لەبزوتنەوەی نەتەوەیی عەرەبدا بەپێی ی ئەو ئەرزیەتە بەباوەڕەی لەسەری وەستاوە .

کەواتە عیراق لەخۆیایی بوو نیە شانازی بە رابوردوو ئیستای ڕووناکی خۆیەوە بکات ، هیچ بیانوویەکیش بەدەست حوکمڕا عەقڵ بۆگەنەکانی ئێرانەوە نیە بۆ دژ وەستانن بەرامبەر بەعیراق ، قین بوونەوەیان نەبێ لەو دەورە رابەری و میژوویی ی عیراقیەکان لە ئەرە بەیانی میژووەوە تا ئیستا گێڕاویانەو دەیگێڕن . کە دێن خۆیان لەگەڵ ئێمە بەراورد دەکەن ئەوان، دەگەڕێنەوە بۆ میژوو . بەڵام لە گۆشە تاریکەکانیەوە ؛ ئێمە لە عیراقدا پاشە ڕۆژی بەختەوەر بۆ گەل بنیات دەنێن ئەوان گەلانی ئێران دەکەنە کویلە ، شۆڕشی عیراق رابەری بزوتنەوەو شۆڕشی ڕزگاری خوازی نەتەوەیی عەرەبە، ئەوان کەمایەتی عەرەبی عەرەبستان قەلاچۆ دەکەن ، عیراق ، بەپێی بنەڕەتی میژوویی و هەڵویستی و مرۆڤایەتی برایەتی کوردو عەرەب بەوە قول دەکاتەوە ئۆتۆنومی دەدا بە گەلی کوردو باوەڕی مەبدەئی بە مافە نەتەوایەتیە ڕەواکانی گەلی کورد دەهێنێ ، ئەوان قەسابخانە لە مەهابادو شارەکانی تر بۆ مرۆڤی کورد دادەمەزرێنن . ئەمەیە جەوهەری قین ڕەشی و داخ لەدڵی حوکمڕا عەقڵ بەردینەکانی ئێران ، بەڵام میژوویی عیراق ، گەلی عیراق بەرابەرایەتی سەرکردەی لێهاتوو صدام حسین لە قینی ڕەشی ئەوان گەورەترە بۆیە هەر بۆ پێشەوە درواو با « خومەینی » و «بنی صدر » سەریان بدەن لەبەرد .

● هاوکاری ●

ڕۆژی چوارشەممەی ڕابوردوو ، سەرۆکی فەرماندە موهیب ڕکن صدام حسین سەرکردەی گشتی هیزە چەکدارەکان لە کوبوونەوەی دەورەی ئیستای ئەنجومەنی نیشتمانیدا وتەیەکی میژوویی گرنگی ناراستەی گەل کرد .

لەمەدوانە میژوویەدا ، سەرکردەی فەرماندەو رابەری شۆڕش و گەل ، وەک هەموو جارەکانی ترو لە هەموو بۆنەکاندا ، ڕاستەوڕەوانو ڕووبەڕوو بۆ گەلە دلسۆزەکەی دوا . لە مەوقعی بەهێزی و ئاوەڕ بەرەو ٤٠ خەوە باسی باری ئیستای کردو پەنجەی بۆ جەنگی ڕەوامان دژی ڕژیمی ڕەگەزپەرستی ئێران ڕاکێشا، ئەوەی دووپات کردەوە کە ئێمە ئامادەین بۆ شەڕی درێژخایەنو پشتمان بە گەلو سوپا دلێرەکەمان ئەستورە کە سەرکەوتنی تەواو بەدی دەهێنێ .

دەقی وتەکە لە ل٢، ٣، ٤ دابە .



ستۆنبوونی ناکۆکی و زۆران بازی لە نێوان دەستەی خومەینی ڕەگەزپەرستدا

تاران : ئا . د. ع :

لەجەرگەی ئاژاوەو پشوی بێسنووردا کە ئێرانی داگرتوە، سەرۆکی ڕژیمی فارسی بنی صدر هێرشی بردۆتە سەر داواکاری گشتی لەسەرگرتنی صادق قطب زادە وەزیری پێشوی دەرەوەی ئێرانو وتویە داواکاری گشتی مافی ئەمکارەی نیە .

لەلایەکی ترەوە بنی صدر وتویە ناحەزەکانی ڕۆژنامەی « ئینقلابی ئیسلامی» دادەخەن کە خۆی سەرپەرشتی دەکاو وتویە ئەمە بۆیە دەکەن گوایە تا دوا دەستەلاتی وەک سەرۆک کۆمار لێ بستێننەوە .

ئاژانسی ڕویتر وتویە ئەم قسەیە بەلگەی توندبوونی ناکۆکی و کەوتنە ڕووی زۆران بازی دەستەی حوکمڕایە لە ئێران لە نێوان ئەوانەی ناری بردوون بە (تۆزی لەسەر خۆکان) و براگماتیەتی بنی صدرو حزبی جمهوری ئیسلامی توندو دەمارگیردا . ئاژانسەکە وتویە قطب زادە بە پێی ئەو وەزعەی هەیەتی و نزیکی لە خومەینی لەوانەیە زۆر لە بەندیخانە نەمێنێتەوەو ئەمەش ئیشارەتە بۆ زیادبوونی مەلبەندەکانی خاوەنی هیز لە ڕژیمی فارسی داو ناکۆکی نێوان ئەومەلبەندانە هەریەکە دژی ئەوی تریان .

ئەوەی شایانی باسە داواکاری گشتی فارسی فەرمانی دەرکردبو بۆ گرتنی قطب زادەو بردنی بۆ بەندیخانەی « ئیفین » چونکە لە گفتوگویەکی تەلەفزیونیدا قطب زادە هێرشی بردۆتە سەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن .

پشتیوانی دام و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی فارسەکان

دادویستی گشتی ی ڕژیمی فارس هەڕەشەی لە سەرکار لابردنو بەند کردنی لە هەموو کارگێڕانی ئیستگەکانی ڕادیوو تەلەفزیۆن کردووە چونکە بەگوێرەی قسەی ئەو ئامۆژگاری یەکانی لایەنە لێپرسراوەکانیان پشت گوێ خستووە .

ڕادیۆی تاران ووتوویەتی کە عبدالکریم موسەوی ئەردەبیلی کە پلەی دادویستی گشتی بەڕێوە دەبات ووتوویە ناکۆکی یەکە گەورەکانی نێوان دەزگاو دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن وایان لێ هاتووە بوونەتە هۆی پەرێشانی . ئەردەبیلی باسی ئەوەی کردووە کە فەراهی بەڕێوەبەری گشتی ئیزگە وازی لە کار هێناوەو لێپرسراوی کاتی بۆ ئیزگە دیاری کراون تا ئەو کەسە گونجاوە دەدۆزرێتەوەو بە بەڕێوەبەری گشتی ی دووەم دادەمەزرێنرێت .

ووتوویشیەتی ئەو ناچار بووە دوو کەس وەکوو سەرپەرشتی کەری ڕادیۆ دامەزرێنێت کە ئەکبەر محتشمی و عەبدوڵلا نووری ن لە کاتێکدا کابرایەکی تری بەناوی ئەدیمی وەک سەرپەرشتی کەری قەناڵی دووی تەلەفزیۆن دامەزرێنراوە .

دادویستی گشتی ئەوەیشی باس کردووە هەر کەسێک بەڕەوی ئامۆژگاری یەکان نەکات ئەوا سزای قورس چاوەڕی دەکات .

بنی صدر سەرۆکی لە کارخراو..!!

باوەڕمەکەن حسن بنی صدر سەرۆک کۆماری ئێرانو سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکانیش ، بەوەش نەخەڵەتێن گوایە ئەو بە سەرۆکی ئەنجومەنی بەرزی بەرگری هەڵبژێردراوە ، هەموو ئەم ناوو ناونیشانانە ، بایەی بۆشن و هیچ لە مەسەلە سەرەکیەکان ناگۆڕێ و نەبرسی دەکاو نەئێر !

هەموو دەستەلاتەکانی بنی صدر کورت کرایەوەو هەڵپاچرا تا گەیشتە ئەوەی ئەمڕۆ تەنیا سەرۆک کۆماری لە کارخراوەو بەس !

ناکۆکی و زۆران بازی هێزەکانی دەستەلات لە ئێرانی خومەینی دا بەردەوامە ، لایەنەکان هەلیانە یەکیەک لەناوبەرن هەندێکی لەژێر پەردەی کاری کوت و پڕی داو هەندێکی تری لەبەر ئەونهینی یەی ئەنجومەنی باڵای بەرگری لەسەر کاروباری ڕاگەیاندنی داناوە !

بەمجۆرە قطب زادە وەزیری دەرەوەی پێشوگیرا چونکە بەشداری پەردە لادان لەرووی ناکۆکیەکانی ناو حوکمڕایی فارسەکانی کردوە کە ئەمە بەلای ئەوانی ترەوە دەرچوون بوو لە ئوسول ! خۆ بنی صدر بەتەواوی لەرادیو و تەلەفزیون زریر بوەو بریاری داوە هیچ دوانێ نەدا بەو دوو دەزگایە دوای ئەوەی هاوڕی و شەریک شعوری ئەمەریکایی قطب زادە گیراوە سەیر ئەوەیە ئەم کابرایە حاڵی وایەو کەچی لای سەربازەکانەوە بە خومەینی ونوە کە جارس نەبێ بەرامبەر وەزعی عەسکەری ، ئەمە سەرەڕای هەڵاتنی زوربەی هێزەکانی لەبەردەم هێرشی هێزەکانی صدام حسین دا . جا توخوا چاکتر نەبوو بنی صدر مشوریکی وەزعی ناڵەباری خۆی بخوا لەوەی ئەو قسە زلانە بکات ؟!

عراق ـ سەرچاوەیەکی گرنگی بەخشنی مرۆڤایەتی یە

لە بنەڕەتدا ، هاتین بۆ ئەوەی چاومان پێتان بکەوێ و خۆمان ئامادە نەکردبوو باسی ئەو شتانە بکەین کە لە خەیاڵتاندایە ، بەڵام لە بەر ئەوەی هەموو وەختی سیاسەت لەم وڵاتەماندا لە روو نەخشەی دەکێشرێ و لە هەوای بەربەرەڵادا کاری پێدەکرێ و کاروبار بەبێ گوشەگیری تاریك بریار دەدرێ و دەتوانین هەمیشە خۆمان وا دابنێین باسی ئەو شتانە بکەین پێویستن باسیان بکەین و بەو پێیەی تێی دەگەین سوود بەخشە . بێگومان، برایان ئەوەی دەتانەوێ لەم بە یەك گەیشتنەدا قسەی لەسەر بکرێ. باسی لەرووی ئیستایەو زۆرانبازی لەگەڵ ئەوانەی ویستیان ئیهانەی خاکی عیراق و عەرەب بکەن .

ئێوە دەزانن ، ئەوانە ئەمرۆ لە ئێراندا حوکم رایی دەکەن ، بە گەلێ ڕێگا هەوڵی ئەوەمان‌دا کە وایان لێبکەین لە هەڵویستێکی وادابن جیا لەو هەڵویستەی تیایدا بوون یان ئەوەی تیایدان ، بەڵام بەداخەوە ، وادیارە مرۆڤ و میزووی خۆی و نەتەوەو میزووی و گەلان و میزوویان ، هەروەك چۆن ئێوە میزووی خۆتان دەخوێننەوە ، میزووی خۆیان دەخوێننەوە ، هەروەك دەرسی لێوەردەگرن ، ئەوان چەپەڵی لێ فێردەبن و چۆن بەخششی لێرە فێردەبن ئەوان دەسیسە لە میزووەکەیانەوە فێردەبن .

● عیداق ، هەمیشە سەرچاوەی بەخششە

لەوانەیە ، یەکێ بڵێ ، عیراقیەکان بە ئوسلوبی ڕەگەزپەرستی قسە دەکەن ، ناتوانین تەنیا میزووی خومان نەبێ شتی‌تر بین ، عیراقیەکان لە هەموو میزوویاندا ڕەگەزپەرست نەبوون ، نەعەرەبیان و نەکوردیان ، ئەگەر هەندی بیروباوەری لە ڕێلاچوو لە میزووی نوێی عیراقدا یان کۆنی ، سەری هەڵدابێ ، ئەوە لە تەبیعەتی گەلی عیراق نەبووە ..

زیاتر لە بەڵگەیەکمان بەدەستەوەیە ئەم ڕاستی‌یانە دووبات دەکەنەوە ، هەمیشە عیراقیەکان سەرچاوەی بەخششی گرنگ بوون بۆ مرۆڤایەتی و هەمیشە عەرەب سەرچاوەی تیشك و بەخششی بنەڕەتی و پێشکەوتوو بوە بۆ مرۆڤایەتی ، بەڵام ، ڕۆژێ لە ڕۆژان ، فارسەکان ، ڕانەپەڕیون تەنیا لە شێوەی داگیر کارو دەستدرێژ کاردا نەبێ بۆ خۆزل کردن لە سەر حسابی کەسانی ترو روخاندنی شارستانیەتی نەتەوەکانی تر ، دیسان بۆ ئەمەش ،زۆر بەڵگەی میزووی بەدەستەوەیە نەك بەر لە ئیسلام بەڵکو دوای ئیسلامیش .

● خاڵی سەرەکی

بێگومان ، ئێمە ، لە سەر ڕێگای قسەکاماندا ، دەبێ پەنجە بۆ خاڵێکی سەرەکی بکێشین ، ئایا ، دەمانەوێ فارسەکان موسڵمانی ڕاستەقینە بن ، یان وەك موسڵمان ڕەفزیان دەکەین .. نەء .. ئێمە ئومیدەوارین موسڵمانی ڕاستەقینە بن .. ئەوانەی ئیستا لە تاران حوکم دەکەن ... هەر کۆیەك مرۆڤ ، موسڵمانی ڕاستەقینە بێ،لە گەڵ خاسیەتەکەی عەرەبدا کە قورئانی پیرۆز دوو پاتی کردۆتەوەو خاسیەتەکەی هەموو ئایینە ئاسمانیەیەك لە دوای یەکەکان ساغیان کردۆتەوە ناکۆك نابێ .

کێ موسڵمانی ڕاستەقینە بێ ، بێگومان دەبێ ئومیدەواربێ کە عەرەب خاوەنی خۆیان بن و خاوەن دەستەڵاتی خۆیان بن و بێگومان دەبێ ئومیدی هەبێ و کار لە سەر ئەوە بکات کە عەرەب سەربەرزبن .

ئەوەی تەقەللای ئەوە بدات ، عەرەبەکان لە زیللەتدا بن ، ناتوانرێ موسڵمان بن ، من ئەم قسەیە لە دەمار گیری نەتەوەییەوە ناکەم ، ئێوە مانای ئەو بیروباوەڕە دەزانن کە لەم وڵاتەدایە ، بیروباوەری خاك و ئێوە لە بیرو باوەری ئاسمان دەگەن کە باوەڕتان پێیەتی و هەردووکیان لە دەمار گیری و سەرنجی تەسك ڕەو بە دوورن .

● بیروباوەڕی ژیانو .. بیروباوەڕی ئاسمان

ئەم ڕاستی‌یانە ئێمە ئیستا دوای (١٤٠٠) ساڵ ئایێتین تا میژوو بیروباوەڕەکان زیاتر لەوە بار بکەینن کە بەرگەی دەگرێ ، بەڵکو هەڵێنجراوی بیروباوەری ئاسمانە هەروەك باوەڕمان پێیەتی لە بیروباوەری ژیانی نوێدا کە نەوەی شەڕعی بیروباوەری ئاسمانە لە گەڵ هەموو پێداویستەکانی گونجان لە گەڵ گۆڕانکاری‌یەکانی نوێی ژیاندا ... قورئان عەرەبیە ، ئێردراو محمد (سڵاوو درودی خوای لێبێ) عەرەبەوزمانی ئەهلی بەهەشت لەیەك ناگەن بەعەرەبی نەبێ ، بەڵکەکانی ناو قورئان بە پلەی بنەڕەتی لە پەیوەندیەکانی مرۆڤایەتی نیشتمانی عەرەبیەوە هەڵێنجراوە هەرچەندە چارەی کاروبار ی مرۆڤایەتی دەکاو پشتی بە چاردی هەموو کاروبار ی مرۆڤایەتی بەستوە ، بەڵام ، ئەگەر هەندێك دەیانەوەی شتەکە هەڵەوگێراو بکەنو سەرچاوەی پەیام وا لێبکەن لە تاران بێ ، بەخوا ، ئەگەر ئەمە گونجاو بوایە ئەوا خوای گەورەو مەزن یەکێ لە پێغەمبەرەکانی لە تاران یان لە هند یان لە چین یان لە یەکێتی سوئیەت یان لە ئەمەریکا یان هەر شوێنێکی‌تر هەڵدەبژارد .

● عەرەب توانای هەڵگرتنی پەیامی مرۆڤایەتیان هەیە

ئەم پێداگرتنە لە سەر بە دوادایەکی ئاینیە ئاسمانیەکان کە هەمیشە پیغەمبەرەکان و پەیامبەرەکانی لەم خاکە بن ، پێ داگرتنی خواوەندە ، نامەوێ لەم بوختەیە زیاتر بڵێم ، ئەمە مانای ئەوەیە ، خوای گەورەو مەزن ، دەزانێ، ئەوانەی توانای هەڵگرتنی پەیامی مرۆڤایەتیان هەیە بەو مانایەی دەیەوێ عەرەبەکان لە دەوری سەرکردایەتیدا بن .

هەر ئەمەشە بنەڕەت ، وەك تێی‌دەگەین ، بۆ ئەو پێداگرتنە لە سەر یەك بەدوای یەکەدا لەو کاتەوە مرۆڤایەتی بوەو پێویستی بەرابەرێ بوە لە ئاسمانەوە ، ئەوو پێداگرتنە لەلایەن خواوەندەوە بوە کە رابەر لە سەر خاك لە جیاتی ئاسمان عەرەب بێ .

ئێمە ، شادمان دەبین بە دەرکەوتنی هەر خێر خوازی لە نیشتمانی عەرەبدا یان لە دەرەوەی نیشتمانی عەرەبی ، بەڵام بێگومان دەبێ لەم ڕاستی‌یانە بگەین و تێبگەین ئەوانەی دەیانەوێ هەڵس‌وکەوت لە گەڵ عەرەبدا لە سەرەوە بکەن ، ئەوانە موسڵمان نین ، ئەوەی ڕێزی عەرەب دەگرێ ، ڕێزی مافەکانیان دەگرێ ، ڕێزی ڕێزیان دەگرێ و ڕێزی ئاسایشیان دەگرێ موسڵمانەو .. موسڵمانێکی چاکە .

● ئەوەی مندالو ئافرەت بکوژێ موسڵمان نیە

ئەوەی دێ و باسی ئیسلام دەکاو ڕێزی هەموو ئەم شتانە ناگرێ ، ناگونجی موسڵمان بێ ، هیچ نیە لەوە زیاتر ، ڕێگایەکی نوێیان پەردەیەکی نوێیە لە دەربڕینی مەجوسیەتی لە گۆڕ نراوو نەمەواقعەکەیە ، بە چ هەقێك و لە ژێر کام بەردەی ڕەوادا مندالو ئافرەت لە شەقامەکانی بەغداو شوێنەکانی تری شارە عیراقیەکاندا دەکوژن .

ئەمە بەرلە ٤-٩ ڕۆژی دەست درێژی فراوانیان بۆ سەر عیراق ڕوویدا ، ئەمە بەر لە ڕۆژی ٢٢-٩ ڕوویدا ئەو ڕۆژەی بەرپەچی فراوانی دەستدرێژیەکانیانمان دایەوە کە بەر لەم میژوویەوە دەستی پێکرد .

لە بیرتانە ، چۆن مندالیان لە شەقامەکانی بەغدا دەکوشت ، کچانو کوڕانی لاو ، لەبەر هیچ گوناهێك نەء ، تەنیا ئەوە نەبێ عیراقین و باوەڕیان بە ڕێگای ژیان هەیە لە ڕێزو بنیات ناناو لە دەربڕینی مانای بە ڕاستی پەیامدا کە ئەمە بەلای کەسانی ترەوە ترسە بۆ سەریان و لە گەڵ شێوازی چەپەڵیاندا ناگونجێ ، ئەوەتان لە بیرە ، هەموو عیراقیەکان لە بیریانەو زۆر لە عەرەبەکانی فیلمیان لەم بارەیەوە زۆر دێوە ، ئەی گەورە خراپەکەیان نەبوو ، کە ناوی سەرۆکی دەوڵەتە ، بنی صدر ، ئەو نەبوو دەیوت ، هەرەشەی دەکرد بە شێوەیەك ؛ گوایە ئەگەر سوپای فارسی بەرەو بەغدا ڕۆشت ، ناتوانێ بەرەو بەغدا بیگێڕێتەوە . بەبێ هیچ هویەك ، تەنیا دەربڕینی لە خۆ بایی بوونی بۆش و ژەهراوی نەبێ هەروەك ئەوەی ، شۆڕشەکەیان تەنیا بۆ ئەوە کردبێ تۆڵە لە عیراق بکەنەوە ، لەبەر هیچ نە ، لەبەر ئەوە نەبێ ، تا لە گەڵ میژوودا بە لایەنە تاریکەکەیەوە بڕۆن و بەشیك بن لە کاروباری شا کە ئەویش بەشی خۆی لە عیراقیەکانی برد لە ماوەی (١٢) مانگی شەڕدا ماوەی نێوان ١١ ی مارتی ١٩٧٤ تا ٧ ی مارت چونکە ڕێکەوتنەکە لە ڕۆژی ٦ ی مارتدا بو ، تا (٧) ی مارت ڕۆژی روخاندنی دەستەی بە کرێگیراو لە ساڵی ١٩٧٥ دا، بەشی ئەو لە هاووڵاتیانی عیراقر هیزە چەکدارەکان (٦٠) هەزار بریندارو شەهیدو کوژراو بوو .

● حوکمڕاکانی ئێران ، ڕەوشنی چەپەڵو پردی دەسیسەو تێك‌دان ..

ئەم هەموو خوێنە ، ئەو ڕەوشتە چەپەڵە لێپرسراوە بەرامبەر کە هەمیشە خۆی ناکوك دەبینێ لە گەڵ عیراقدا لەجیاتی ئەوەی پردی پەیوەندی لە سەر بنەڕەتی ڕێزی دراوسێیەتی و ماف دروست بکەن ، هەمیشە پردی تێك‌دان و چەپەڵی و دەسیسەو کوشتن و ویران کردن دروست دەکەن و وایان دەزانی تا ڕۆژی ٩/٢٢ دەتوانن عیراقیەکان مل کەچ بکەن . وایان دەزانی دەتوانن بیان کەن بە خزمەتکار هەروەك عەرەبی عەرەبستان و کوردی ئێران و بلوشی ئیران و ئازەری ئیرانیان کرد بە خزمەتکار ، زۆر زۆر کردویانن بە جوتیاری بێدەرەتان ، جوتیاری بێدەرەتان ، لە بیریان چوەوە وەك کەسانی‌تر لە بیریان چوەوە ، زیاتر لە جارێ بیرمان خستنەوە کە عیراقیەکانی ئیستا عیراقیەکانی خاك و هەمان هەوا ، لە هەمان ئاو دەخۆنەوە ، بەڵام توانایان گوڕراوەو هەست کردنیان بە مەسئولیەت گۆڕراوەو ئامادەییان بۆ بنیات‌نان گۆڕراوە بەرەو باشترو ئامادەییان بۆ قوربانی دان بەرەو باشتر گۆڕراوە ، لە سەر هەمووان پێویستە ئەم ڕاستی‌یە بزانن ، لە کۆنەوە عیراقیەکان مل‌کەچیان قبوڵ نەکردوە ، تەنیا ئەوەیە ، ئەوەیان زۆر شتیان کەم بوو ، لە پێشەوەیان و گرنگ ترینیان ئەوە بوو ڕوحیەتی خۆیان و ئەو خەڵکەی سەرکردایەتیان دەکا لە سەریەك ڕووپێکەوە گونجاو بێ و ڕەفزی مل‌کەچی و دەستدرێژی و مسارمە بکات .

● بەرگری لە ڕێزی عیراقیەکان دەکەین

بەردەوام ئەمەمان دەوت ، ئەم قسەیەتان دەبیست ، ئێوە دەتان‌وتوو ئێمە دەمان‌وت ، لە قوناغی سەرەتایەوە هەتا گەورەترین کەس لە دەوڵەتدا ئەم قسەیەیان دەکرد ، بەرامبەرەکەیان وریا دەکردەوە ، بەردەوام ئێمە بەرامبەر ، بەرامبەرەکەمان سەبرمان دەگرت ، هەوڵمان دەدا یارمەتی بدەین خۆی لە وەهم دور بخاتەوە ، هەوڵمان دەدا یارمەتی بدەین تا لە تاریکی دەرچن ، کاتێ هەموو دەرگاکان دادەخران هەستمان دەکرد بەبێ گومان کردن کە بەرامبەرەکەمان دەیەوێ ئیهانەی ڕێزی عیراقیەکان بکات و دەیەوێ عەزێتیان بە خراپە بدات ، پێویست بوو بەرگری لە ڕێزی عیراقیەکان و ئاسایش و دەستەڵات و مافەکانیان بکەین و بچوك ترین جۆری ڕاوبی شوێن لە دەست نەدەین . بە چ حەقی‌یەکی‌یان کۆمەڵێك کاروباری عیراقیەکان بەرێوە بەرن بەبێ ئەوەی بەرگری لەم بیروباوەڕانە بکەن کاتێ توشی ئەزیەت دەبن .

پڕ بوون لە قین و تا ئیستاش ، پڕ بوون لە لەخۆ بایی بوونو لەوانەیە هەندێکیان تا ئیستاش ، وایان دەزانی دەتوانن عیراقیەکان مل‌کەچ بکەن هەروەك چۆن نەتەوەکانی تری ئێرانیان مل کەچ کرد ، بەبێ ئەوەی حساب بۆ جیاوازی و زرونی تەواو جیاوازی ئەو خەڵکە دەستە پاچانەی ئەوێ و ئەو خەڵکە بکەن کە خۆیان خاوەنی دەستەڵاتی خۆیانن لێرە، هەوڵماندا بەرچاویان ڕووناك بکەینەوە هەوڵماندا سەبریان لێبکەین ، هەوڵماندا تا دوا ڕادەی ئەوەی مرۆڤ بەرگەی دەگرێ چاوەڕی بکەین ، ئەگەر ستەبر گرتن بنەڕەتەکەی زیلەت و مل‌کەچی و بێهیزی نەبێ ، بە یاداشت و چاو پێکەوتن بۆ ماوەی نزیکەی دوو ساڵ و هەر جاری ڕووبەڕوویان دەبووین بە حیکمەتەوەو بە سەبری زیاترەوە وایان دەزانی ئێمە لە حاڵەتی بێهیزیداین .

● زیاتر شەڕانی دەبوون :

لە مانگی یەکەمی گەیشتنی خومەینی‌دا بە سڵطە بیانوم بۆ هاورێکانم دەدۆزیەوەو لە چوار مانگی یەکەمدا بە تەواوی ، بیری براکانم لە سەرکردایەتی دەخستەوە کە حاڵی ١٩٦٣ی خۆمان چۆن بوو ، حاڵەتی ئاڵوزی و تا هەندێ ئاژاوە ، تا بگەینە بیانویەکو بڵێین با ماوەیەکی کەبان بدەینێ و تاقی بکەینەوە ، بەڵام هەموو مانگی ڕادە بوردو بە هیوا دەبوین شتێ لە حیکمەتو ورد بینی و مەوزوعیەت فیر ببن ، بەڵام زیاتر شەڕانی دەبوون و زیاتر ستوور دەبن لە سەر ئەوەی عیراق بخەنە ژیر چەکوشی خۆیانەوە ..

لە مەخفەرەکانی سەر سنووریان دەدا ، جارێ دووجارو سێ و چوارو دە ، وەڵامیان دەدەینەوە ، وەڵامیان دەدەینەوە مەوزوعی و یاداشتیان بۆ دەنێرین ، هەر لە یاداشتەکانی وەزارەتی دەرەوەدا (١٢) حاڵەتی پەلامار بۆ سەر مەخفەرەکانی سنوور تۆمار کراوە ، وا بزانم لە سەرەتاوە نیە کە دەستمان کرد بە ناردنی یاداشت ، بەڵکو لە کاتێکی درەنگداو هەموو حاڵەتێکی پەلامارو دەست درێژی کە کردویانە لە یاداشتەکاندا تۆمار نەکراون ، زیاتر لە چل حاڵەتی هاتنە ئاسمانی عیراق و باسی سوپاکەیان دەکەن کە بەرەو بەغدا دێ بە ڕەسمی و لە دووانی زلەوە لە ماوەیەکدا ، لە ئەوروپادا لە ناو مەسیحیەکاندا بانگەوازی صەکی بێ‌گوناهی بڵاو بوەوەو نە فرەت کرا ، بە گژیا چونو زۆر سەر ڕامال کرا تا گەرانەوە بۆ جەوهەری دین .

● کلیلەکانی خومەینیو ... صەکی بێ گوناهی

ئەو کلیلانە بریتین لە صەکی بێ‌گوناهی نوێو هیچ پەیوەندیان بە دینەوە نیە ، مەبەستم ئەوەیە ، یان هەموو عەرەب پەیوەندیان بە دینەوە نیە ، یان ئەوانە پەیوەندیان بە دینەوە نیە ، بێگومان ئیمکان نیە بڵێین عەرەب پەیوەندیان بە دینەوە نیە یان عیراقیەکان لە دین ناگەن ، محمد (ص) کلیلی بە کەس نەدا ، مژدەی بە دە کەس دا بۆ بەهەشت ، لە خوشیەوە نە بەڵکو خوا پێی فەرموو مژدەی بەهەشتیان بداتێ ، خوا ڕێزی لە محمد (ص) ناوە بە دە کەس کە لە ڕێگای خۆیەوە مژدەیان بداتێ ، خومەینی مژدە دەدا بەملیۆنەها ، ئەمەیان حاڵەتێکی نوێی ڕێز گرتنە باوەر ناکەم خوای مەزن و گەورە بیدات بە خومەینی و نەیدابێ بە پیغەمبەرەکانی لەوەبەر .

زایۆنیزم دەجووڵێتەوە

لەگەڵ هەموو ئەمەیشدا ئارام یان پاشماوەکانیمان لەدەست نەدا . شتێکی ڕوونە زایۆنیزم دەجووڵێتەوەو .. زایۆنیزمیش هۆو شێوازی خۆی هەیە .. ئەی برایان . . من نامەوێت بڵێم فلان یان فیسار کە لە سەرەوەی دەستەڵاتدایە یان لە بنارایە یان لە بنکەکەیدایە زایۆنی‌یە لە ئیراندا .. بەڵام جارێکیان بە ئیبراهیم یەزدی‌ی وەزیری دەرەوەیانم ووت پاش شۆڕشەکەیان پێم گوت ئێوە پێخۆشحاڵن بەوەی دەڵێن پاش شۆڕشەکەمان قونسولیەی (ئیسرائیل) مان ڕەتاند .. ئەمە بۆ ئێوە سەر شۆڕی‌و نەنگی‌یە وەك وڵاتێکی موسوڵمان قونسولیەی (ئیسرائیل) هەر لە ١٩٤٨ وە تاکوو ئیستا یان هو کاتەی کە وەرتان‌گرتووە قایل ببن .. پێش ئێوە ڕەتانەنیان و هەندێکیشیان مەسیحین و موسوڵمان نین و ، پێش ئێوەیش چەند کەسانێك لە چەند دەوڵەتێکی سۆشیالیستی کە باوەڕیان بەئایین نی‌یە پەیوەندی‌ی دیبلۆماسی‌یان پچڕاند .. ئەوە بەس نی‌یە کە بڵێن ئێمە کاربەدەست نەبووین .. ئێوە گەل بوون ئەو کەسەیش کە قونسولیەیەکی (ئیسرائیلی) لە وڵاتەکەیدا قبوول دەکات و موسوڵمانە پاش ئەم ماوە دوورو درێژە واتای ئەوە دەگەیەنێت کە تێکچوونێك لە باوەڕەکەیدا هەیە . بەڵام ئێوە کە قونسولیەی (ئیسرائیل) تان دەرکردو بە سویسراتان سپارد کە کاروبارتان لە (تەل ئەبیب) دا بەڕێوە ببات و کاروباری (ئیسرائیل) لە تاراندا بەڕێوە ببات ئەمە مەسەلەیەکە نامانەوێت ببێتە ڕێگایەك بۆ دەستەمۆ کردنی ئێمە .. نە بایی پچڕاندنی پەیوەندی دیبلۆماسی‌ی نێوان یەکێتی سۆڤیەت و (ئیسرائیل) بۆ ئەوە بوو دەستەمۆی ئێمە بکات و نە پچڕاندنی پەیوەندی‌ی نێوان زامبیاو قەوارەی زایۆنی بۆ ئەوە بوو سەرۆك کاوندا دەستەمۆی عەرەب بکات و خۆی بەسەریانەوە زل بکات .

شێوازی نوێی دەستدرێژی کردن

ئەگەریش سەبارەت بە شتایش دووان .. ئەوا ئەو شای ئێوە بوو عیراقی نەبوو .. میسریش نەبوو ئەردەنیش

بڕوانە : ل : ٣ و ٤

گەلەکەمان بۆ بەرگری کردن لە شەڕەفاو ڕێزو مافەکانی ڕازی بوو بچێتە مەیدانی جەنگەوە

Institut kurde de Paris

خومینی وای لە هوباکەی دەویست ئابلۆقەی بە غدا بدات ولە منداڵ و ئافرەت و پیرەکانی بدات و تۆبەکانی بەسرە و دیالەوکوت گولە باران بکات بەڵام وامان لێ کرد، لە بەردەرگاکەی خۆیاڵبجە نگێ

نەبوو .. عەرەبیش نەبوو .. شا شای ئێوە بوو ئێوەیشس بەدرێژایی ئەم ماوەیە پێی ڕازی بوون .

کاتێکیش شۆڕشەکەیان بەرپاکرد ئەوەیان بەبیردا نەهات شۆڕش بەرپا بکەن لەبەر ئەوەی شا دوژمنی عەرەبە .. ئەم، شا لە سنالانی دوایيدا لاواز ببوو نەیشیدەتوانی کاری دوژمنایەتی کردنی عەرەب ڕابەڕێنێت وەك ئەوەی ئێستا ڕای دەپەڕێنن .. وا دیارە .. دەبوو دوژمنایەتی بەکە بە چەند شێوازێکی کاریگەرتر نوێ بکەنەوە .. کوودەتایەك یان شۆڕشێکیان بەرپاکرد وەکو لە ئەفریقیاو هەموو دەوڵەتە موسوڵمانەکانی تردا ڕوودەدەن .. بایی ئەوە ، ئەوە نی یە (منەت) مان بەسەردا بکەنو دەیانەوێت مەسینەیان لە دوو هەڵبگرین .

ئەوان بە کەڵەپووری عەرەب شۆڕشیان بەرپاکرد ، ئەگەر ڕێگای ئایینی بنەڕەت بێت لە شۆڕشەکەیاندا .. ئەوەی ئەرکی شۆڕشەکەیانی بۆ ئاسان کرد .. ئەوەیش کە ئایینی پێڕاگەیاندن عەرەب بوون .. وا دیارە ئەوان لە هەمان ئەم ڕێگایشەوە ناتوانن شۆڕش هەڵبگرسێنن .

ئەوانەیش کە مەشقی چەکیان پێکردن عەرەب بوون ، ئەوانەیش کە تۆوی بەرهەڵستی ئەوانی دژی شای ئێران لە ئامێز گرت عەرەبو عیراقی‌یەکان بوون .. حەوت ساڵی ڕەبەق یارمەتی‌یان پێشنکەشی ئەوانو دەستەکانیان کرد .. عیراق یارمەتی‌ی پێشکەش دەکردن چونکە پەیوەندیمان لە گەڵ شای ئێراندا زانرابوو چەند خراپ بوو .

ئەو کاتە بەسەرچوو عیراقی‌یەکانی تێدا تەفرە بدرێت

ئاگا دارن .. کە خومەینی لە پاریس زۆرجار سەبارەت بەڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٧٥ دەدوواو ئەوانیش پێش ئەوەی بکەنە دەستەڵات زۆریان . دەربارە نووسیو ، دەربارەی دەدووانو بە ڕێککەوتننامەی گومان لێ‌کراو ناویان دەبرد .. ئێستا بە چەشنێك بۆیان باش بێتو بۆیان بلوێت وا دەدوێن .. ئەوان بە شێوەیەك یان بەشێوەیەکی دی‌ی باش سەبارەت ڕێککەوتننامەی ١٩٧٥ دەدوێن بەوەی کە ئێمە گوایە لێ‌ی لامان داوە ، ئێمە لە ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٧٥ لامان دا .. هەرچۆنێك بێت هەر ئەنجامێك بۆ خۆیان دروست بکەن ئێمە ئەو پردە دەبینین کە ئەوان دروستی دەکەن .. ئایا پردی چاکەبە یان پردی خراپەیە .. ئەگەر پردی چاکە بوو ئەوا پیرۆزبایی‌یان لێ‌دەکەین .. ئەگەریش پردی خراپە بوو ئەوا بەرهەڵستی‌یان دەکەین .. ئەمەیش بیروباوەڕێکە بەسەر ئەوانو بەسەر هەمووواندا جێبەجێ دەکرێت ئەوانەیان موسوڵمان بن یان موسوڵمان نەبن .. ئەو کاتە بەسەرچوو کە عیراقی‌یەکانی تێدا تەفرە بدرێت ..

ئەوساکە تورکیا دەهات‌و بە تورك کردنی دژ بەعەرەب بەکار دەهێنا بۆ ئەوەی لە ژێر پەردەی موسوڵمانەتی‌دا زمانەکەی خۆیان لە بیر بچێتەوە .. عەرەبیش لە دووەمین جەنگی جیهانی‌دا ڕابەڕین‌و پێ‌یان ووتن لەسەودوا نامانەوێن .. وەك موسوڵمان دەمانەوێن .. وەك برا دەمانەوێن .. وەك دراوسێی زۆرباش .. بەڵام برایان نامانەوێن ژێر دەستمان بکەن .. ئەوە بەسە هەموو ڕۆژێك ئیمپریالیزم ڕووپۆشێکی نوێمان بۆ دەهێنێت .. بە سەر عیراقدا نۆرەیان گرتبوو ، تورکیا دەڕۆیشت ، ئێران دەهات ، ئێران دەچوو ، تورکیا دەهاتەوە ، هەموو شیان بە ناوی موسوڵمانەتی‌یەوە .. ئەم جارە ئیتر بەسە ، نە تورکیاو نە ئێران‌و ، نە هیچ کەسێك لە گێتی‌دا .

عیراقی‌یەکان دەیانەویت بە ئاشتی بژێن

ئێمە عیراقین‌و بەشێکین لە نیشتمانی عەرەب‌و نەتەوەی عەرەب ، لە عیراقدا تایبەتێتی‌ی خۆمان هەیە ، ئێمە لە چوارچێوەی تایبەتێتی‌ی خۆماندا وەك چۆن قایل دەبین وا ڕەفتار دەکەین .. لەم وڵاتەدا هەر لە کۆنەوە نەك لە ئەمڕۆوە هەمانە .. چێنراوی ئەمڕۆ نی‌یەو ، بە یەك سات بمانەوێت بیگۆڕین .. لێرە عەرەب‌و کوردو تورکمانمان هەیەو ، ئایینی جۆراوجۆرمان هەیەو زۆربەی زۆریشس موسوڵمانو ، تایبەتێتی‌ی خۆمانمان هەیەو ، قایل نابین هەموو ڕۆژێك یەکێکیان ڕێگایەکی نوێمان بۆ بهێنێت ، دەیەوێت عیراق پارچەپارچە بکاتو ، دەیەوێت نەتەوەی عەرەب پارچەپارچە بکاتو ، دەیەوێتو ... دەیەوێت ... ئەم کارە ئالۆزکاو نی‌یە ، یەکێك کە وێژدانی ساف بێتو بە کرێگیراو نەبێت ، ئەوا کارەکە ئالۆزکاو نی‌یە .. عیراقی‌یەکان دەیانەوێت بە ئاشتی‌و ئاسایش بژێن‌و ، دەیانەوێت بە شێوەیەکی ئاقڵانە خیراتی خۆیان تەسەڕوف پێ‌بکەنو ، دەیانەوێت خۆیان دروست بکەنو ، دەیانەوێت سەربەرزی‌یان بپارێزێت‌و .. نایانەوێت سەربەرزی‌ی کەس لەکەدار بکەنو ، مافەکانی کەسیان ناوێت‌و ، نایانەوێت دەستدرێژی لە کەس بکەن ، بەڵام ناشیانەوێت کەس دەستدرێژی‌یان لێ‌بکات .

ئەمانە بیروباوەڕی نوێ‌ی پەیوەندی‌ی دراوسێیەتی‌ی نێوان هەر ئەتەوەیەك لە ئەتەوەکانە .. .. ئەگەر ئەو ئەتەوەیە مەسیحی یان موسوڵمان بێت ، سنووری لە گەڵ سنووری نیشتمانی عەرەبدا بێت یان لێ‌یەوە دوور بێت . واز لە خەڵکی دێنن بۆ ئەوەی بژێن‌و ڕێگای خۆیان هەڵبژێرن .. ئێمە لەو باوەڕەداین کە کوردەکانمان ئۆتۆنۆمی‌یان هەبێت‌و ئەمەیش دژبە یەك عیراق نی‌یە .. ئەوەی کوردی هەیە و نایەوێت ئۆتۆنۆمی‌یان پێ‌بدات ، ئەمە مەسەلەیەکە پەیوەندی‌ی بە ئەوەوە هەیە . ئێمە لەو باوەڕەداین کە باشترە بەم جەشنە ڕەفتار بکەین . لە هەرشوێنێك دەیەوێت دەستەڵاتێکی دکتاتۆریانە پێك بهێنێت ئەوە مەسەلەیەکە پەیوەندی‌ی بە ئەوەوە هەیە .

ڕێگای سۆشیالیستی‌ی تایبەت بە خۆمانمان هەڵبژاردووە

ئێمە لێرە دەمانەوێت ئەو دەستەڵاتە پێك بهێنین بەو شێوازەی کە خۆمان هەڵمان‌بژاردووە .. یەکێك دەیەوێت ڕێگەیەکی سەرمایەداری بگرێت .. ئێمە ڕێگای سۆشیالیستی‌ی تایبەت بە خۆمانمان هەڵبژاردووە ، لە دەرەوە ئەمان‌هێناوەو کەس پێ‌ی‌نەووتووین وابێت‌و .. کەسیش یارمەتی‌ی بۆ نەداوین .. ئەو پێگەیشتنی خاك‌و ڕووەك‌و مرۆڤ‌و ئاوو هەواو خۆلی ئەم خاکەیەو ، ئەو چڵ‌و پۆپانەی کە لێ‌یەوە بوونەتەوە هەموومان لە مێژووی کۆن‌و نوێ‌دا خوێندووەتەوە ، ئەم ڕێگایانەی سەبارەتیان دەدوێن .. ئێستایش تاڵی‌یان لە زاری هەموو عیراقی‌یەك‌دا ماوەتەوە .. لە یادی نەچووەتەوە ..

ئێستا هەر عیراقەیەك هەرکە ئاووڕی بیست ساڵ لەمەوبەری دایەوە هەست بە تاڵی دەکات . واز لە هەموو شتێك بهێنە ، ئەم عیراقە مەزنەی لانەی شارستانیەتەکان ، کاتێك عیراقی‌یەك بڕۆشتبایەتە دەرەوەی وڵات دەیووت من خەڵکی عیراقم ، لەوانەیە خەڵکی جوگرافیایان لە بیرچووبێتەوەو ، عیراق کەوتووەتە کوێوە ؟ عیراقی لەو چەشنەیە کە ئەوە بەسیەتی بە سەربەرزی‌و شکۆمەندی بۆ خۆی دەژیت ، بگرە ئەو کاتەیش کە برسیشی بێت‌و خواردەمەنی‌ی کەم بێت .. ئەو کەسانەی سەبارەت بەعیراق دەدوێن لە سەریانە سەری عیراق بکەن .. ناوبانگێتی‌ی لە ناوچەکەدا لە هەموو ئەوان بەرز تره ، ناوبانگێتی‌ی نێو دەوڵەتان لە هەموو ئەوان بالاترە .. ئابووری‌یەکەی گەشەی سەندووە ، دەیەوێت بنیات بنێت‌و .. مرۆڤەکەی ڕێزی گیراوە .. ئەو کەسە نەبێت کە خیانەت دەکات کە ئەمەیش لە داهێنانی ئێمە نی‌یە .. خەلیفەکانی پاش پێغەمبەریش بەم چەشنە ڕەفتاریان لە گەڵ خیانەتدا کردووە .. ڕێگاڕێگایەو ، لە چوارچێوەی ڕێگایش‌دا بۆچوون هەیە ، بەڵام ئەوەی خیانەت بکات ڕێگایەکی دی‌ی هەیە .

دەبێت خیانەتکاران لە خاکەوە ڕیشەکێش بکرێن

ئەوانە پێ‌یان دەووترێت خۆبەخت کەری موسوڵمان.. ئەو خیانەتکارانەی کە یەکێکیان دەرکەوت یاری‌ی بە یەکێك لە تۆپهاوێژی بەرەنگاری‌کەری فڕۆکەکان دەکرد بۆ لە هاوڕێکەی خۆی بدات‌و بیکوژێت .. دە باشە تۆ خۆت ئامادە بکەو دەمانچەیەك هەڵبگردو وەرە گیانی صدام حسین ئەگەر تۆ حەزی لێ‌ناکەیت .. بەڵام بۆچی ، ئەدی ئەوەی سەر تۆپهاوێژەکە برات نی‌یە ، هیچی پێ‌نەکردوویت ، یاری هات‌و سەری لە هەندێك نیشتمانیەروەرانیان دەشێواند، واتە ئەو هەندەی لە ئێراندا بە ئرێگیراو ئین پێ‌بانی دەووت کە عیراقی‌یەکان خۆیان لە سەر بناغەی جەنگی کوت‌وپڕی‌ی دوو ڕۆژ یان سێ ڕۆژی ئامادە کردبوو ، هەرکە ئێوە درێژەی پێ‌بدەن ئەوا عیراقی‌یەکان چەواشە دەبن‌و ئەنجام دەستپێشکەری بە دەستی ئێوەوە دەمێنێتەوە ئەوانە دەخوێننەوەو وا دیارە باوەڕیان پێیەتی .

ئێمە جەنگمان نەویست

ئێمە هەڵێکمان پێ‌دان بۆ ئەوەی خۆبانی پێ‌تاقی بکەنەوە ، ئێمە جەنگمان نەویست .. خودا ئاگاداره ئێمە جەنگمان نەویست .. خودا دەزانێت ، برا سوپایی‌یەکان دەهاتن بۆ لامو بۆ لای سەرکردایەتی ، شتێکی ڕوونیشە حسێب دەکەین .. حسێب بۆ هەر دراوسێ‌یەك لە دراوسێکانمان دەکەین بە ئامێری تۆپهاوێژەکە دەکەیت تا ئەو کاتە لە فڕۆکە دەدات بە سەریدا بگەڕێتەوەو بیکوژێت .. دەبێت ئەوانە لە خاکەوە ڕیشەکێش بکرێن . . ئەوانە ئەو کەسانەن کە خومەینی ناوی خۆبەختکەرانی لێ‌ناون‌و ، دەڵێت لە عیراقەوە چەند سکاڵا نامەیەکم پێ‌گەیشتووە دەڵێت چۆن لەگەڵ صدام حسین‌دا ڕێك دەکەویت کە ئەو خۆبەختکەران دەکوژێت‌و لە سێدارەیان دەدات .. سەرنجی مێشکی گەنیوی بکەن .. ئەم پیاوە بەر لە ساڵێك ناوی گەنیوم لێ‌ناو ، دووبارەیشی دەکەمەوە کە مێشکی زۆر گەنیوە ، دەڵێت : « صدام حسین وەك شایە .. شا ویستی گفت‌وگۆمان لە گەڵ‌دا بکات کاتێك هەستی بە تەنگ پێ‌هەڵچنین کردو ئێمە ڕەتمان کردەوەو ، ئێستایش صدام حسین داوامان لێ‌دەکات گفت‌وگۆی لە گەڵ بکەین » . . صدام حسین لە وولاتێکی‌دیدایە .. تۆ شا شای خۆتەو لە وولاتی خۆتدایەو گەلانی ئێران شێوەکن‌و ، عیراقی‌یەکانیش عیراقین .. ئەم ئەڵێتە جیاوازی لە نێوان شوێنێك‌و شوێنێکی تردا ناکات .. لە نێوان گەلێك‌و گەلێکی تردا ناکات لە بڕیار لە سەردانی حاڵەتەکەدا ، تاکوو ئێستایش خەیاڵی ئەوەیە کە توانیویەتی (نەك ئەو توانیویەتی) بەڵکوو کردیانە ڕووپۆشێك ، شای ئێران بڕووخێنێت کەواتە لە توانایدایە صدام حسین‌یش بڕووخێنێت‌و ، فلان‌و فیسار لە ئەفریقیاو لە نیشتمانی عەرەب‌و لە هەموو جێگایەك بڕووخێنێت . سەیری ئەو خەیاڵ بەتاڵی‌یە بکە کە سواری ئەم پیاوە بووە .. ئێمە هیچ زیانێکمان لەم خەیاڵ بەتاڵی‌یەوە پێ‌ناگات وەك ئەوەی بە گەلانی ئێران دەگات ، ویستی سوپایەکی بکاتە بەغداو گەمارۆی بەغدا بدات‌و منداڵانی بەغداو ئافرەتان‌و پیرەمێردانی بەغدا بکوژێت ویستی لە بارێکی سوپایی وادا بێت وا لە تۆپخانەکانی بکات توانای ئەوەیان هەبێت بۆردمانی بەسرەو دیالەو کووت بکەن ، ئێمە وامان لێ‌کرد لە دەرگاکانی ناوخۆیدا بجەنگێت

عیراقی‌یەکان بیروباوەڕی خۆیان لەیاد نەچووەتەوە

لە گەڵ ئەوەیشدا عیراقی‌یەکان بیروباوەڕەکانی خۆیان لەیاد نەچووەتەوە ماوەیەکی دوورو درێژ مانەوەو هەلیان پێ‌دان ، محەمەرەیش دەیانتوانی بە خوێنی کەمتر وەری بگرن .. لە دەدا یەکی ئەو خوێنەی کە لە سەری ڕژێنرا تاکوو لە سوپایان پاك کرایەوە .. بەڵام هەڵێکی تەواویان بە ئافرەتان‌و منداڵان‌و ئەو کەسانە دا کە نایانەوێت بجەنگێن محەمەرە بەجێ بهێڵن .. شتێکی ڕوونە لەم ماوەیەدا ڕاگەیاندنی زایۆنی‌و ڕۆژئاوا ، پێنج ڕۆژی سەرەتا ، بۆیانی ڕازاندبووەوە ، پاش ئەوەی ئامۆژگاری‌ی ناوەندی بە ڕاگەیاندن گەیشت ، سەبارەت بە ڕاستی‌یەکان وەکوو خۆیان دەدووان‌و ، ئێمەیش ئەم گۆڕانەمان چاوەڕوان دەکرد پێش پێنج ڕۆژ بەر لەوەی ڕووبدات ، ئامۆژگاری‌ی ناوەندی پلانی گونجاومان بۆ داناوە ئەگەر هاتوو دەستدرێژی‌ی کردینە سەر .. ئەمە کاری ئەمڕۆ نی‌یەو بەشکو هەر لە زووەوە .. هەرکە پێشنیاریان پێکەش بکردبایە وەڵامیانز نەدەدایەوە بە هیوای ئەوەی لەوانەیە ئەو کەسانە دەگەنە هەر ڕادەیەکی نزمی پەیوەندی بە ئەقڵ‌و وێژدانەوە ..

دوا شت ئەوەیە وا دیارە ئەوان ووتوویانە ئەو کەسانە ئوقرە بەرنادەن ، بۆردمانی شارەکان بکەن ئەوا ئارامیان لێ دەبڕێت . ڕاستیان کرد کە بۆردمانی شارەکان دەکەن دەبێت ئارامیان لێ ببڕێت .

ئەگەریش بۆ خانەقین‌و مەنەلی‌و زرباطیەو نەفتخانە بێ‌دەنگ بووینایە ئەوا بۆردمانی بەغداو بەسرەشیان دەکرد . ئەو کاتەهیچ نەدەتوانرا ئەوە نەبێت ئێمەیشس لێ‌یان‌بدەین . لێمان‌دان ، کاتێکیش سوپا بەکار دەهێنرێت، کە لە توانایشدا بوو ناچار کرایت سوپا بەکاربهێنێت پاشس ئەوە هیچ دانایی نی‌یە ئەگەر مافێکی زەوت کراوت هەبێت وەری نەگرێتەوە ، بەتایبەتی ئەم مافە بەشێکی ئەو زەوی‌یە بێت کە لە لایەن تۆپخانەی دوژمنەوە بۆ بۆردمان کردنی شارەکانی عیراق بەکار هێنرا ئەویش بەهۆی شوێنی باشیەوە .

لە زەینەل قەوس بەم چەشنەمان کرد

لە زەینەل قەوس بەم چەشنەمان کرد کاتێك یادنامەیەکمان پێش خۆرهەڵهاتن پێ‌دان . بۆ ئاوچەی سێف سەعدیش چووین هەروەها دیسان یادنامەمان پێ‌دان‌و ، سێ ڕۆژ چاوەڕی‌ی وەڵامان کرد پێش بەرەو ناوچەی سێف سەعد بکەوینە ڕێ .. ئەمەیش برا سوپایی‌یەکان دەڵێن چۆن دەکرێت بێین‌و بە دوژمنمان بڵێین پاش دوو ڕۆژ یان سێ ڕۆژ ئێمە دێینە فلانە شوێن ، پێمان ووتن قەیدی ناکات بۆ ئەوەی هیچ شتێك نەمێنێتەوە لە سەری لۆمەی خۆمان یان وێژدانمان بکەین . پاش سێف سەعدیش یادنامەیەکی ترمان پێ‌دان تیایدا ئامۆژگاریمان کردن .. پێمان دەووتن برایان ، بەڵێ دەمان‌ووت دەبێت ڕێککەوتننامەکانیان نەخوێندبێتەوە پێمان ووتن ئامۆژگاریتان دەکەین . پێشنیارتان بۆ دەکەین سەیری ڕێککەوتننامەکانی نێوان ئێمەو ئێوە بکەنو ، بانگی شارەزا لە وەزارەتی دەرەوەو ، شارەزایانو لێپرسراوانی سنوور بکەنو ، لێ‌یان بپرسن مافی ئێوە لە کوێدایەو ، مافی ئێمە لە کوێدایە ، بۆ ئەوەی تووشی چەواشەیی نەبن‌و ، بۆ ئەوەی بچنەوە سەر ڕێگای ڕاستو ، خاك‌و مافەکانمان کە لە ڕێککەوتنامەکەدا چەسپاون بۆمان بگێڕنەوەو پێمان بدەنەوە ، وەڵامیان بۆردمان کردنی دەزگاکان بوو .. بە تۆپخانە بۆردمانی بەسرەیان کردو دەستیان بە بە کارهێنانی چەکی ئاسمانی کردو ، بە چەك شط العرب‌یان دەبەستو ، نەفیری گشت‌یان ڕادەگەیاندو ئاسمانی ئێرانیان دەبەستو یادنامەیەکی پڕ لە جنێویان پێشکەش دەکرد .

قایل نابین دوژمن بێتو بۆردمانتان بکاتو ئێوە لە شوێنی خۆتان‌دا دانیشتوون ووتەیەك هەیەوابزانم هی ئیمامی عەلی‌یە «هەر نەتەوەیەك لە ماڵی خۆیدا داگیر کرا ئەوا مل‌کەچ دەبێت » ، ئێمەیش قایل نابین کە خۆمان بە لێپرسراوی ئێوە دەزانین ئێوەیش ملچ بکرێن‌و ئافرەتە عیراقی‌یەکان مل‌کەچ بکرێن . ئەوەی داکۆکی لە سەربەرزی خۆی‌و . لە سەربەخۆیی خۆی نەکات ئەوا هیچ شتێکی تر نی‌یە داکۆکی‌ی لێ‌بکات .. کەواتە .. ئەوە بوو ڕۆژی ٢٢ بەچەکی ئاسمانی ئەو دەستەبان لێ‌وەشێنرا ، ئەنجا ڕۆژی ٢٣ سوپای نەبەزی عیراق دەستی بە چوونە پێشەوە کرد لە خاکی ئێران‌دا .

گەلەکەمان ماملانی‌ی قبوول‌کرد بۆ بەرگری‌کردن لە کەرامەتی‌یەوە

لەگەڵ ئەمەش هەموی ئێوە لەئەنجامەکان ئاگادارن ، هەموو ئەوەی لە تەلفزێۆنەوە بۆتانی بڵاو دەکەینەوە لەسەر بچووکی‌و گەورەیی‌دا بەرانبەر بە مێژوو حیسابمان لەگەڵدا دەکرێت‌و ، ئینشاالله لە دوای تەواو بوونی شەڕ ، هەمووشت وەکو خۆی دەمێنێتەوە ، گەلێ لە برادەرانەوە بیروڕای تایبەیان لەم بارەیەوە هەبوو ، پێیان ووتم ئەمە شێوەیەکە لە شەڕدا قەد نەبووە .. پێیانیانم ووت ئەمەیە شێوەی ئێمە .. پێویستە گەلەکەمان لە ئێمەوە ببیستێت نەك لە غەیری ئێمەوە .. گوێ‌ی لە حەقیقەت بێت وەك وایە ، گەلەکەمان ئەگەر هەزار شەهید یاخود دوو هەزار یا سێ هەزار یاخود دە هەزاری لە دەست بدات پاشەگەز نابێتەوە .. چونکە گاڵتە نی‌یەو یاری منداڵانیش نی‌یە وەکو

کە پێویست بوو بگرینە لەهر شوێنێ وا بزانین پێویستە ... بۆی دەچین و دەیگرینێ

Institut kurde de Paris

خومەینیو بەنی صدر یاری دەکەن ، تا بڵێت زیانەکانمان گەلێك زۆرن با بوەستین ، گەلەکەمان ناچار بوو بچێتە مەیدانی شەڕەوە .. ململانێی هەڵبژارد بۆ بەرگری کردن لە شەرەفو کەرامەتو سەربەخۆیی مافەکانی دژی ئەوکەسانە کە ویستیان هەموو ئەوانە پێشێل بکەنو زەوتی بکەنو .. با عیراقیەکان بە راستی ئاگاداری زیانەکانیان بن وەك وایەو ، زیانەکانی دوژمنیش وەکو خۆی بۆی دیاریکەن .. لەبەر ئەوە دەڵێن زیانی دوژمن کە بەچاو بینراوە ، بەڵام ئەو زیانانەی کە بە بۆردومانی فرۆکەو تۆپ بەری دەکەوێت ئەمانە باس ناکرێن ، تەنیا ئەمانە نەبێت کە فرۆکەوانەکە دیاری دەکاتو دەڵێت ئەوەندە ئوتومبیل لە ناو خاکی ئیراندا پێکاومە .. یانیش شوێنێکی ئابووری یاخود سەربازگەیەکی سوپایی بۆردومان کردوە .. بەڵام درۆکانیان .. ئای کە خۆشن .. بەراستی لە زیانماندا ئەوەمان نەبیستوە . ئەوانە ، مرۆڤ لێیانەوە دوورە ، نەك هەر پیاوە ئاینیەکانو بەس بەراستی ئەمانە جۆرێکی نوێن لەزیاندا ، بەم شێوە تاقمی درۆزن ، کە یەکێك بۆ ئەوانی تر درۆ هەڵدەبەستێت قەت نەبووە تاوەکو ئیرانیان خەڵتانی خوێنی بێگونا هبارەکانیان کردو ، بەردەوامیش دەبن لە کردەوەکەیان .. بە پێی بەیاننامەکانیەوە سوپای عیراق تەواو بووەو ، کەسیش نی‌یە پێیان بڵێت باشە ، ئەگەر تا ئێستا دوو هەزار تانکی سوپای عیراقتان تێکشکاندوە ، ئەم سوچ جۆرە سوپایەکە کە تانکەکانی سنووری بۆ نی‌یە ؟! .

ئەمەیە مرۆڤی عیراقی

کەواتە ئەوەیە مرۆڤی عیراقی کە دەڵێن باوەڕی بە رۆژێمی خۆیو هیچ شتێکی دیکەوە نی‌یە ، ئەم مرۆڤە دەرکەوت زۆر لە ئێوە بە باوەڕ ترەو باوەڕی گەلێك لە ئێوەوە زیاترەو ، راستیشە کە مرۆڤی عیراقی سەدجار بەقەد ئەوانەوە باوەڕی هەیە ، مەحاڵیشە لە گەلیانەوە بەراورد بکرێت چونکە ئەوان باوەڕیان بەوەی کە حەقە نی‌یە .

لەرێزو ئاسایش و بەهاوماڤی عیراقیەکان بەرگری دەکەین

بەڵام دەربارەی ئەو تانکانەی کە دەڵێن بەدوعای خومەینی لە بیاباندا چەقیبوون ، ئێمە نەمان ووت بەشی هەرە زۆری بۆمباکانیان لە خاکی عیراقدا ناتەقێتەوە ، ئەو بۆمبایانەی کە بەدرێژایی بیست ساڵ زایۆنیزمی دوژمن عەرەبی پێ ترساندووەو ، ئەمریکا هەموو جیهانی پێ‌ترساندووە باسی بۆمبای فۆسفۆریو هێشوە بۆمباو وایاڵم دەکاتو هەموو دنیای پێ دەترسێنن هەموو ئەمانە بە ئێمەیان تاقیکردۆتەوەو نەترساین‌و نەباسیشمان کرد ، ووتمان دەترسێین باسی بکەین لەبەر ئەوەی کە خەڵکیان پێ‌ترساندووە ، وا بۆی دەچێت کە ئێمە یاخود گەلەکەمان لێی دەترسێین . باسی ئەو جۆرە شتانە دەکەین با واز لەمە بهێنین‌و بۆ ماوەیەکی نزیك تاوەکو بۆ هەموو جیهان روون ببێتەوە کە عیراقی‌یەکان ئەم جارە بڕیاریان داوە بۆ داکۆکی کردن لە مافەکانیانەوە هەتا ئەگەر بە ئەتۆمیش لێدران نەترسێن‌و ، لە راستیشدا ئەم چەکەیان بەکارهێنا چونکە لە هیچ جۆرە چەکێك کەمیان نەبوو .

هەندێ لە دەزگا راگەیاندنەکانی رۆژ ئاوا دەڵێن لەبەر ئەوەی ئیرانی‌یەکان ژمارەیەکی زۆری سوپای ئیرانیان دەرکردو لەبەر ئەوەی کە نازانن چەکەکانیان بەکار بهێنن هەر کاتێك کە زاتیان چەکی خۆیان بەکار بهێنن سوپای عیراق دەبەزێنن . هێزی دەریایی ئیران کەسیان لێ دەرنەکردوە ، هەموو راگەیاندنی رۆژ ئاوایی قسەی دەکردو دەیووت هێزی دەریایی کەسیان لێ دەرنەکردوەو ئەو بازووە درێژەیە کە کەس بەرانبەری نەوەستێتو ، هەموو شتێکی تەواوە .. تادوای ئەم هێزە دەریاییە لەبەر هێزی دەریایی تازە دروست کراوی عیراق بەزی‌یو ئێستاش هەر دەبەزێتو عیراقی‌یەکان لە گەلیا پێك هەڵدەپژێنو دەڕواتە دوورترین بنکە کە هێزی دەریاییان دەگاتێ بۆ ئەوەی ئەم هێزی بازوو درێژە لە گەلیاندا پێك هەڵپژێت .

هێزی ئاسمانی لە توانایدایە سەری بەنی صدرو دارو دەستەکەی پان بکات

ئێستا راگەیاندنی رۆژ ئاوایی باسی ئەوە دەکات ، کە چون ئێمە تا ئێستا زیاتر لە سێ‌یەکی چەکی ئاسمانیمان بەکار نەهێناوە ، دەیەوێت رامان بکێشێت بەو خەیاڵەی کە ئێمەیش بەنی صدرین .. نەخێر .. نامانەوێت چەکی ئاسمانیمان بەکاربهێنین‌و ، تاوەکو دوو ساڵی تریش وەکو ئەمڕو هەر دەپارێزین ، چەکی ئاسمانی لە توانایدایە سەری بەنی صدرو دارو دەستەکەی پان بکات‌و ، دەربارەی پلانەکانمان دەدوێن‌و رەخنەی لێ دەگرن لەبەر لەسەر خۆیی پلانەکانمان‌و .. دەڵێن ئەم پلانانە لە رژێمی سۆڤیەتی‌یەوە وەرگیراوە .. عیراقی‌یەکان لەسەرخۆن .. بۆ کوێ دەتانەوێت بمانگەیەنن ؟! ئێمە نە ئەوەمان سەر لێ‌دەشێوێنێت‌و نەلەخۆبایشمان دەکات .. ئێمە حیسابی تایبەتی خۆمانمان هەیە .. تێك کە پێویستی‌ی وای خۆی سەباند کە محمرە لە سوپای ئیرانی پاك بکەین ، پاکمان کردەوەو تێکیش کە پێویستی‌ی وا خۆی سەباند کە گەمارۆی عبادان بدەین گەمارۆمان داو .. هەر کاتێکیش کە پێویستی‌ی وا خۆی سەباند کە بگەینە هەر ئامانجێکی دیکەو بە بۆ چوونی ئێمە شتێکی پێویست بێت لە پێناوی وەدەست هێنانی مافەکانمان‌و ئازار گەیاندن بە دوژمن بۆ ئەوەی تێ بگات کە لە توانامانداە هەیە ئازاری پێ بگەیەنین ئەوە بە بێ یەك‌و دوو ئەنجامی دەدەین .

بە یارمەتی خواوە بەسەریانە سەرکەوتین

ئەگەر ئێستا لێم بپرسن سەرەڕای ئەوەی کە بە یارمەتی خواوە بەسەریانە سەرکەوتین شەڕ ببوایە باشتر بوو یان نەء .. پێتان دەڵێم ، نەخێر ، بەخوا شەڕ رووندات باشترە ، ئەگەر بێت‌و رێگایەکی دیکە بێجگە لەشەڕ هەبێت‌و ئەگەر یەکێك لێمان بپرسێت دەتانەوێت شەر دوو هەفتە بەردەوامبێت یا درێژە بکێشێت تاوەکو شەش مانگ .. دەڵێن نەبەخوا حەز دەکەین هە فتەیەك بخایەنێت ئەگەر بێت‌و لەو هەفتەیەدا هەموو مافەکەیە بە تەواوەتی دەستگیر بێت، چونکە خۆینی‌رۆڵەکانمان بە لامانەوە گەلێك بەنرخەو .. ئەوەکو خومەینی کە بەلایەوە خوێنی ئیرانی‌یەکان گەلێك هەرزانە .. ئێمە لەو کاتەی کە رۆڵەکانمان بەلامانەوە گەلێك بەنرخن ، بەڵام رۆڵەکانی عیراق هەموویان ئامادەن بۆ چوونە بەرەی شەڕەوە .. لە هەمان کاتدا بەتەنگیانەوەین‌و حیسابی تاکە کەسێك دەکەین‌و ، ئەو ئامانجەی کە دەزانین بە تۆپ دەگەینێ رێگە نادەین فرۆکەکانمان بچنە سەریەوە چونکە ئێمە زۆر بەتەنگیانەوە دێین .. بەڵام ئەگەر وای بۆ بچن کە ئێمە خۆمان بۆ شەڕێکی درێژ ئامادە نەکردوە .. بەخوا ، نە بەخوا ئێمە خۆمان بۆ شەڕێکی درێژ ئامادە کردوە .

لە شەڕدا بەردەوام دەبین تا دوژمن دان بە مافەکانمانەوە بنێت

شەڕی درێژخایەن ، ئەوە دەگەیەنێت کە ئێمە لە شەڕدا بەردەوام دەبین تا دوژمنەکەمان بڵێت دانمان بەمافەکانتانەوە هێنا .. دەڵێن چەکی عیراق بەرە بەرە کەمدەبێتەوەو کەرتی چەك‌و تفاق‌و ئەوەو .. ئەوە .. عیراق (١٣) ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە ، پەیوەندییەکی فراوانی لەگەڵ دەوڵەتاندا بنیاتناوە ، عیراق بە ئاوەڕی بنیاتناوەو لە توانای کەسدا نی‌یە گەمارۆی بدات ، لە جیهاندا دۆستمان هەیەو لە هەموو کاتێکدا دەتوانین چەك‌و کەرتی سپێر چنگ بخەین .. ئێستاکە سکاڵامان نە لەچەك‌و نە لەکەرتی سپێرەوە نی‌یە .. ئەو چەکەی کە لای ئێمەیە باشەو شەڕکەریشەو کەرتی سپێر باشەو لە هیچ شتێکەوە سکاڵامان نی‌یەو تەنگەتاویش نەکراوین .

هەموو رۆژێ بەرەو پێشەوە دەڕۆین

هەموو رۆژێ بەردەوام بەرەو پێشەوە دەڕۆین .. هەتا جاروبار کە عیراقی‌یەکان لێرەوە دەبینن سوپای عیراق لە هەندێ شوێندا دەوەستێت ، دەپرسن بۆچی سوپاکەمان وەستا ؟ ئەی دەتانەوێت سوپاکەتان بگاتە کوێ هەر بەرەو پێش بڕوات .. هەندێك دەپرسن لە کەرتی مهرانەوە یا لە کەرتی قصر شیرنیەوە دەوەستێت ؟!

ئابا لە سنووری ئێستادا دەوەستن یاخود دوورتر دەڕۆن .. وەڵام دەوەستین یان بەرەو پێشەوە دەڕۆین بەپێی ئەو پلانەی کە داماناوە بۆ چۆکدادانی دوژمن‌و دانانی بە مافەکانمانەوە لە هەموو کەرتەکانداو بە پێی ئەو بۆچوونانەی کەوای بەباش دەزانین کە لەوانی دیکەوە باشترە ، بۆ مسۆگەر کردنی ئاسایشی سوپاکەمان لە شەڕێکی درێژخایەنی چاوەڕوان کراودا ، شەڕی درێژخایەنیش ئەگەر دوژمنی ئیرانی ویستی‌و بەرەی پێدا، پێی دەڵێین وەرە خاکەکەت وەربگرەو ئەگەریش نەیویستو کەللەرەق وەستا ، ئەوە ئەمە حیسابێکی تری هەیە ، نەتەوەکان هەرچەندە مانەوەیان لە خاکێکدا درێژەی کێشا ئەوە مانی تری دەخرێتە سەریانەوە .

لە سیاسەتماندا ئەوە نی‌یە لەسەر حیسابی خەڵکی تر فراوان ببین

لە سیاسەتماندا بە هیچ جۆرێك ئەوەمان نی‌یە لەسەر حیسابی کەسێك فراوان ببین ، ئەمە دەڵێین ئەوەکو قسەیەکی رۆژانە ، ئەمە بەشێکە لە سیاسەتو بیرکردنمانەوە ، بەڵام کاتێك کە یەکێك بێت‌و پێی بڵێین خاکەکەت وەربگرەو نەیویست ئەمە بارو دۆخێکی تایبەتی هەیە ، دەیانەوێت شەڕ بکەن بەخوا ئەوان لە عیراقی‌یەکان چاکتر ئیهاتووی سوارچاکی نین .

کاتێکش کە حیساب لەگەڵ مێزوو دەکەین ، ئابا ئەمە حاڵەتێکی نوێیە بە نسبەت عیراقی‌یەکانەوە ؟ ئەمە حاڵەتێکە ، هەرچەند ئیستیعمار لە ساڵی ١٩٦٨وە نەبهێشتوە دابنیشن‌و یا لە نێوان خۆیاندا شەڕیان کردوە یا لەگەڵ خەڵکدا . هەتا ئەگەر لە دەرەوەش کەس نەبووبێت شەڕی لە گەلیدا بکەن ئەوە لە نێوان خۆیاندا شەڕیان کردوە یا لەگەڵ خەڵکدا . نامانەوێت ئیهانەی کەس بکەین چونکە هەروەکو ووتم دڵۆپێکی خوێن بە نیسبەت ئێمەوە گەلێك گرانە . بەڵام ئەوەی دێت‌و خۆی فڕێ دەداتە سەرت دەبێت چی لێ‌یکەیت .

باسەری خۆیان لە بەرزترین چیای ئیرانەوە بدەن

ئێمە لەو شوێنەوەوەهەر وەکو هەمیشە رامانگەیاندوە، بە ئیرانی‌یەکان دەڵێین ئەگەر خاکەیان دەوێت بەرانبەر داننانی تەواو بەمافەکەمانەوە ئەوە ئێمە ئامادەین لە بەبانی‌یەوە سوپاکەمان بکێشینەوە . دەبێت بە هەڵە نەچن کە ئەمە لەزەبوونی‌یەوەیە . ئەمە لە شوێنی بەر پرسیاری‌و تێگەیشتنی تەواوە لە بەر پرسیاریداو تێگەیشتنی تەواو لە دەوری مرۆڤانەی ئەو رژێمەو ئەو گەلەو ئەو نەتەوەیە کە لەسەر شانیەتی . بەڵام کاتێك کە هەندێکی تر کەللەرەق بن ئەوە باسەری خۆیان لە بەرزترین چیای ئیران بدەنو بەردەوامبن تاوەکو سەریان ووردو خاش دەبێت .

هەفتەیەك لەمەوبەر بەدوای سەرکردەی لیوایەك لە بەرەی شەڕدا ناردم ، ئەم لیوایە بەزووترین کات خۆی کوتایە مەیدانی شەڕ بۆ گەیشتنە ئامانجەکەی گەیشتە ئەو ئامانجە کە لەدوورترین خاڵە لە یەکێ لە بەرەکانی شەردا لە رۆژی ٢٤-٩ بە پەلەیەکی لە ئەندازە بەدەرەوەو، لەبەر هەندێ هۆی ئالۆز کە ئێرە جێگەی باسکردنی نی‌یە ، هێزەکانی تر کەمێك دواکەوتنو لەسانی گەیشتنی دیارکراوی خۆیاندا نەگەیشتنە ئامانجەکانیان . هەر لەو رۆژەوە تاوەکو ئێستا تۆپخانەی مەودا دووری دوژمن سەنگەرو بنکەکانی دەکوتێت ، چونکە هەندێکی رای کردو هەندێکی تریش کەوتە دەستی سوپاکەمان‌و ئەوەی مایەوەش لە دوورەوە ئەم لیوایە شەوو رۆژ دەداتە بەر تۆپ ، چونکە ئەو لیوایەیە کە بەرەو پێشەوە چووە .

لە ٢٤ی مانگەوە هەتاوەکو ئێستا لە شوێنی خۆیدایەو نە بەرەو پێشەوە چووەو نەگەڕاوەتەوە دواوەش ، ئێمەیش ووتمان ئەم لیوایە چی بەسەر هات ؟ لەوانەیە ورەکانی لەق بوویێت ، تارادەیەك لەسەرکردایەتی گشتی ئەوەمان لێکدەدایەوە کە چۆن پەردەیەك بان بیانوویەك بدۆزینەوەو ئەم لیوایە بگەڕێنینە دواوەو بە لیوایەکی تر بگۆڕینەوە بەبێ ئەوەی هەستی سەربازو ئەفسەرەکانی ئەو لیوایە بریندار بکەین .. ووتمان بڕۆن‌و سەبرێکی ئەم لیوایە بکەن .. ئەو برادەرانەی کە بۆ سەردانی چووبوون ، گەڕانەوەو ..ووتیان ئەم لیوایە وەکو هەموو لیوایەکی سوپای عیراقە ، وەکو بڵێی لە شەڕدا بەشداری نەکردوە .. ووتمان ئەمە قبوول نی‌یە .. با فلان سەرکردەی سوپایی بێت ، ئەو سەرکردەیە هاتە لامانەوە .. هەمان شتی دووپات کردەوە .. ووتمان ئەمەش قبوول نی‌یە سەرکردەی لیوایەکەم بۆ بێترن .. سەرکردەی لیوایەکە هات . پێم ووت کاروبار لای ئێوە چۆنە؟ووتی : بەڕێزم باشەو دەستی بەروون کردنەوە کرد لەسەر نەخشەکەدا .

ورەیان بەرزە

من نامەوێت لەسەر نە خشە بۆمی لێکبداتەوە ، مەسەلەکە ئەوە نی‌یە ، دەمەوێت تەنیا لەسەر خاڵێکدا لێی بپرسم‌و بەس ، پێم ووت کورتی بکەرەوە ، دەمەوێت بپرسم ووردتان چۆنە ، ووتی بەڕێزم باشە ، پێم ووت ورەی تۆ وەك سەرکردەی لیوایەکە .. من لەورەی تۆ ناپرسم .. بڵێ ورەی سەربازو ئەفسەرەکان چۆنە ، ووتی بەخوا بەڕێزم زۆر باشە ، پێم ووت چۆن باشەو ئەوە ماوەیەکی درێژە تۆپخانەی دوژمن سەنگەرو بنکەکانتان دەکوتێت ؟ .. ووتی بەڕێزم چاوەڕوانی ئەوە دەکەی کە لەوانەیێت من لە بەردەم تۆو سەرکردایەتیدا وورد نەبم .. ئەگەریش بتانەوێت هەموو سەربازو ئەفسەرەکانی لیوایەکەش بێنێرم بۆلاتان ئەوانیش هەر هەمان وەڵامت دەدەنێ .

ئەمەیە سوپای ئێوە :

ئەمەیە سوپای ئێوەو ئەوەیە گیان بەرزی .. باوەڕ بکەن .. هەندێ سەرلەشکرمان بانگ کرد ، ئەمەیە گیان بەرزیی سوپای عیراق لە هەموو بەرەیەکدا .. کاتێ کە لێیان دەپرسین گلەییان لەچی هەیە دەڵێن تەنیا یەك شت ، کاتێ کە بە عراقی‌یەکان دەڵێین راوەستن دەڵێن نا .. دەمانەوێ بۆ پێشەوە بچین ، کاتێکیش یەکیکیان دەکێشێنەوە دواوە پێی ناخۆشەو گلەیی دەکاتو دەڵێ گوێم لە دەنگی تۆپ تەقێن نەبووە پێویستە لەپێشەوە بم .. ئەمەیە گەلی ئێمەو ئەمەیە سوپای ئێمە لەسەر لەخۆڕایی نایەوێ کەس مل‌کەچ بکات .. ئێمە نامانەوێ گەلانی ئێران مل‌کەچ بکەین ناشمانەوێ سوپای ئێران مل‌کەچ بکەین بەڵام لێ‌ناگەڕێین هیچ کەس ، هەرکێ بێ ، مل‌کەچمان بکات‌و سوپامان مل‌کەچ بکات‌و گەلەکەمان مل‌کەچ بکات‌و زەویمان مل‌کەچ بکات .

ماندوو نابین مادام هەق دەپارێزین

ئەمەیە سوپاتان‌و گەلتان ئێوە پاش دوو مانگ لەشەڕ دەیناسن .. زایونیزم دەیەوێ بزانێ لەچ وەختێکدا سوپای عیراق ماندوو دەبێت .. سوپای عیراقی مادام بەرگریی لە هەق دەکات .. دژی ناڕەوا ماندوو نابێت ، ئەگەر ئەوان لایان وابی سوپای عیراق هەر ئەو ژمارەیەیە کە لە پێش دەمبان‌دایە ئەوا بە هەڵە چوون .. ئەگەر کار پێویستی کرد گەل هەموو بکەینە سوپاو شەڕ بکات هەتا هەق لەناو چاویان دەربهێنێ ئەوا دوو دڵی ناکەین . جا ئەگەر دەستیان بەشەڕ کرد .. ئەوان بوون دەستیان بەشەڕ کرد ، ئەوان دەستیان بە خراپەکاری کرد .. ئەوان دەستیان بە نامەردی کرد .. ئێوەش وەڵامتان دانەوە ، وەڵامەکەش لەبەر دڵی هەندێك لەوە کەمترە کە پیویستیانە ، بەڵام لە نەریتی ئێمەدا لە سنووری پێویستدایە ، کاتێکیش کە بڕوانین دەبێ زۆرتری‌کەین تا بە خەبەربێن ئەوسا لێیان زیاد دەکەین .

بریندارەکانمان خەمی ئەوەیانە لەشەڕ دوورن

دوێنێ سەرم لە نەخۆشخانەی سوپایی رەشیددا چاوم بە بریندارانی کەوت کە هەندێکیان دەستو پێیان نەماوە .. گرنگترین شت ئەوەیە دێ عوزر دێنێتەوەو شەرمەزارە وەکو بڵێی کارێکی ناشیرینی کردبیت .. شەرمەزاری دەردەبڕن چونکە بەهوی ئەو لێ‌قەومانەی‌لە شەڕدا تووشیان بووە ماوەی ئەوەیان نەماوە لەشەڕدا بەردەوام بن . .

گەورەم بەداخەوە نەمانتوانی بەردەوام بین چونکە قاچێکم یان دەستێکم بڕاوەتەوە بەڵام ان شاء الله برا دکتورەکان بارمەتیم دەدەن بۆ ئەوەی زووبەزوو لەگەڵ براکانم تێ‌هەڵ بچم‌و ئەرکی خۆم بەجێ‌بهێنم . ئەمەیە مەعنەویاتی عیراقی‌یەکان لە پێناوی هەقەکانیاندا ، ئەو خەڵکانە دەزانن لەسەرچی شەردەکەن ، دەزانن کە خۆیان لەسەر هەقن .. دەبابەی خۆیان بەجێ‌ناهێڵن‌و هەڵنایەن .

بەسەر عەرەب‌و عیراقدا زمان درێژیان زۆر کرد :

ئەوکەسەی دەبابەکەی بەجێ‌دەهێڵن‌و هەڵدێ دەزانی لەسەر هەق نی‌یە . دەشزانی سەردارەکەی لە دژی عیراقی‌یەکاندا تا چەند هەڵی‌خەڵەتاندووە .. بەسەر عیراق‌و بەسەر نەتەوەی عەرەبدا زمان‌درێژیان زۆر کردو پێویستە گەلەکانیان حیسابیان لەگەڵ بکەن .

بی‌یان دەڵێی ئەی کوا ئەو سوپایەتان کە دەتان‌گوت هەتا بەغدایێ ناوەستێ .. وەزیری نەوتیان لێی دەپرسین ئایا ژمارەی خۆ تەرخان کردووەکانی شەڕتان چەندە دەڵێ (٢٠) هەزار ، ئەمە ئەو بیست ملیۆنەیە کە خومەینی باسی دەکات ؟

ئێمە دەتوانین بە یەك سەعات لە شەقامی رەشیددا (٢٠) هەزار عیراقی کۆبکەینەوە تا بچنە بەرەی شەڕەوە .. ئەمە بەسووك روانینە گەلانی ئیرانی‌و لە خۆبایی بوون نی‌یە، بەڵکو مەیدانێك‌و مەیدانێکە ، خەڵکێکی لەسەر هەق‌و خەڵکێکی نابەهەق .

خەڵکێك باوەڕیان بەوانە هەیە کە سەرکردایەتیان دەکەن ، خەڵکێکیش کۆمەڵە دێتێك‌و مێشك بۆگەنی‌و دواکەوتووانێك ئەگەر ئەڵێین بەکرێگیراوان سەرکردایەتیان دەکەن ، ئەمەش کارێکی سروشتی‌یە ئەوگەلەی مەسەلەکەی دادو رەوایەو باوەڕی بە زنجیرەیی قەرماندەیی بەرزتر هەبێت‌و باوەڕی بەخۆی هەبێت ، ئەمە بینای رۆژێك نی‌یە

عیراقیەکان دەیانەوێ بەئاشتی بژین و بەئاقلی خێراتی خۆیان بخەنەکار و رێزی خۆیان بپارێزن و نایانەوێ رێزی کەسیش بریندار بکەن

ئەمە بینای زادەی هەموو مێژووە لە هەموو لوتکە گەشەکانی‌یەوەو زادەی ئەمڕۆی نزیکە لە رۆژی (١٧ - ٣٠) ی تەموز تا رۆژی ئەمڕۆمان ، جا ئەوگەلەی ئامانجەکانی روون‌ببێت‌و بزانێت هەقی خۆی لە کوێ‌یەو لەکوێ زەوت کراوەو بزانێ کە بەرامبەرەکەی ویستوویەتی ریسوای بکات‌و سەربەرزی‌یەکەی لێ‌زەوت بکات‌و مافەکانی پێشێل بکات ئەوا شەڕ دەکات .

شەڕیش چەند مافێکی هەیەو دەخرێتە سەر مافەکانی پێش شەڕ

داوام لە سەرلەشکرەکان کرد ئەو ئەفسەرو سەربازو پایەو (ضابط صف) ا ئەی کردەوەی تایبەتی‌و بەهرەداریان ناندوە ، چ لە باری ئازایی‌وچ بە کردەوە ، هاتن‌و چاومان پێیان کەوت گوتیان وەڵلا گەورەم نازانین کام لەکامیان چاکترن‌و چاکترینیان کێ‌یە چونکە هەمووبان چاکترینن .

ضابط‌و سەربمازان کە ئەرکێکیان پێ‌دەسپێردرێ خۆیان هەڵئەگۆتن تا کێ لەپێشەوە بێت ، کاتێك بەرەنگاریی دوژمن دەکەن بەجەرگانە وەکو هەموو خەڵکێك کە شەرەفمەندانە بەرگریی لە هەق بکەن ئاوا بەرەنگاریی دەکەن ، جا نازانین ، بەڵکو دەرفەتیکمان بدەنێ تا هیچ نەبێ لەرووی ژیبری‌یەوە بتوانن بەهرەی یەکێك لە یەکیکی تر جیا بکەینەوە . ئەمەیە ئەو سوپایەی شەڕ لەگەڵ خومەینی دەکات . ئنجا ئەگەر دەیەوێ لەشەڕ بەردەوام بێت بەردەوام بێت هەتا هەتایێ تاکو هەموو مافەکانمان بەتەواوی لە چنگی دەردەهێنین . بەڵام دەبێ لەبیری نەچێت ، ئەوو خەڵکی تر ، شەڕیش مافی خۆی هەیەو دەخرێتە سەر مافەکانی پێش شەڕ .

بارو هەڵوێستی عەرەبیمان باشە ، بارو هەڵوێستی دەوڵەتیمان باشە ، شتێکمان نی‌یە خەمی لێ بخوێن نە ئێستاو نە بۆ دواروژ بە پشتیوانی خودا .

باری ئابووریمان چاکە ، مرۆڤمان ئەوە باسیم بۆ کردن، هیوادارم سەرکەوتووبن‌و لە کارەکانتاناو لە رێ‌رەوتانا سەربەرز بن ، ان شاءالله زیاتر سەربەرزی‌و ئاوەڕەنگ‌و شەرەفی عیراقی‌یەکان‌و سەربەرزی‌و ئاورەنگی عەرەبەکان زیندوو بکاتەوە .

والسلام علیکم ورحمة الله .

Institut kurde de Paris

● پەیامنێری هاوکاری لە هەرێم ●

سوپای میللی دەستگیری بۆلایەنی شۆڕش

لەو بارەناسکەدا کە وولاتی‌تێدا تێدەپەڕێ ، هاوولاتیان‌لە هەموو لایەکەوەو هەریەکە بە گوێرەی توانای خۆی ،گیانی قوربانی دانی خۆی بەرامبەر بە رووبەرووبوونەوەی هێرشە نامرۆڤایەتیەکانی‌رژێمی رەهەز بەرەستی‌دووپات دەکاتەوە ، کە لە هەموو رەوشێتیکی راستەقینە خۆی ڕزوت کردۆتەوەو بەرامبەر بە پاراستنی مافە نەتەوەییەکانی گەلانی ئێران‌خۆی گێل کردووەو هەموو ریگایەکی توڤاندن بەکاردێنێ بۆ کپ‌بوونەوەی دەنگی گەلانی ئێران ، تەنانەت‌دەبەوێ دەست درێژیش بکاتە سەر گەلی عیراق .. بەلام گەلی عیراق بە سەرکردایەتی‌و سوپاو شۆڕشەوە ئامادەیە بۆ قوربانی‌دان‌و رۆژ بە رۆژ سەرکەوتنی‌گەورە بەدی دەهێنێ ..

سوپای میللی وەك‌بازوویەکی پۆلایینی شۆڕش ، لەوەتەی دەست پێ‌کردنی‌جەنگە عادیلانەکە ، ئامادەیی نواندووە بۆ پاراستنی‌دەسکەوتەکانی شۆڕش‌و گیانی هاوولاتیان‌و دژ وەستان‌بەرامبەر بەرژێمە نارەسەنەکەی خومەینی .. .ئەوەبو « هاوکاری » لە سەردانی هەندێ لە بنکەکانی‌سوپای میللی ، لەگەڵ جەنگاوەرە بەجەرگەکان‌دووا‌و لەم گفتوگۆیەدا هەستی وەفای‌خۆیان بەرامبەر بە شۆڕش‌و بەرگری کردن لە پێناو پاراستنی دەسکەوتەکانی سەرکردایەتی دووپات کردەوە کە ئەمڕۆ ، رووبەرووی جەنگێکی‌شەرەفمەندانە بۆتەوە ...

● لە کەرتی (١١)دا ، چاومان بە ئامیری بنکەکە « صالح ئەحمەد بریفکانی » کەوت‌و لە وەڵامی پرسیارەکانی « هاوکاری »دا ووتی :

× سوپای میللی ، وەك پالپشتێکی بەوەفای شۆڕش ، هەر لە سەرەتای دەست پێ‌کردنی جەنگەکەوە لە بەرامبەر رژێمی رەگەز پەرستی ئێران ، نزیك سوپا وەستاوە بۆ پاراستنی دەسکەوت‌و بەخشینە پیرۆزەکانی حیزب‌و شۆڕش کە لەم بارە ناسکەدا رووبەرووی جەنگێکی شەرەفمەندانە بۆتەوە بۆ بەرگری کردن لە مافە چارەنووسی‌بەکانمان‌و پاراستنی خاك‌و ئاوی ئەم وولاتە ، کە ئێران‌و نۆکەرانی جاویان تێ‌بڕیوە ..

رژێمی رەگەزپەرستی ئێران، ئەعرەب‌و عادەتی مرۆڤایەتی دەزانێ‌و ئەرەچاوی مافە نەتەوایەتیەکانی گەلانی ئێران دەکات ، بەڵکو ئەوەی دەیزانێ تەنیا زوڵم‌و چەوسانەوەیە بەمەش ، ئەمڕۆ گەلانی ئێران کەوتوونەتە ژێر دەستی رژێمی تاوانباری ئێران کە خۆی لە مافە راستەقینەکانیان بێ دەنگ دەکات‌و راستی دەخاتە ژێر پێ .

سوپای میللی : لەبەڵ سوپای عێراق هەمودەم ئامادەیە بۆ لەی گەلانی ئێران بسینێتەوەو هەموو ئەو دەستانە ببڕێ کە بۆ خاکی عیراق درێژ دەکرێ .

● بەڵام ، باپیر پیر داود لە بنکەی پانزە بۆ «هاوکاری» دروا ووتی :

× لە رێی هەڵگرتنی چەك‌و بەشداربوونمان لە سوپای میللی‌دا ، هەست بە بەختەوەریەکی گەورە دەکەین ، چونکە پاراستنی دەسکەوتی شۆڕش‌و بەیامە پیرۆزەکانی، ئەمڕۆ گەلی سەرشانی هەموو رۆڵەیەکی بەجەرگی ئەم وولاتەیە کە هەست بەلێ پرسینەوە بکات‌و ببەوێ رووبەرووی ئەو دەستە جەپەلانە ببێتەوە ، کە بۆ ئەم خاکە درێژ دەکرێ‌و ئێمە لەم بارە ناسکەدا زیاتر پێویستمان بە قوربانی دان هەیە لە رێی سەرکەوتنی گەورەدا .

● لە بنکەی سێنرەدا ، چاومان بە (عبدالله مصطفی) کەوت ، لێمان پرسی ، ئاخۆ بەرامبەر بە سەرکەوتنەکانی سوپای عیراق چی دەڵێ ، لە وەڵامی پرسیارەکەدا ووتی :

× لە هەر شارو گوندێك ، کە سوپای عیراق سەرکەوتنی تێدا بەدی دێنێ ، ئالای عیراق دەشەکێتەوەو دڵی هەموو نادەمیزادێکی مەرد لەگەڵیا گەورە دەبێ ، چونکە شکانەوەی ئالای ئەم وولاتە مانای هێزو تواناو باوەڕی پۆلایینی گەل‌و شۆڕش‌دەنوێنی‌و وانەی مێژوویی دەگێڕتەوە ، کە ئەم گەلە چەند پاڵەوانەو بەچ شێوەیەك گیانی قوربانی دانی هەیەو بەوپەڕی شۆڕشگێڕانە ، بەرگری‌ی لە خاك‌و دەسکەوتەکانی شۆڕش‌و حیزب دەکات‌و دژی تاوانە بۆ لە هەڵوێستە نامرۆڤایەتیەکانی رژێمی « خومەینی » دەوەستێ لە بێسناو گەلانی ئێران‌و گێڕانەوەی ئەو خاکەی دەستی بەسەردا گرتووە ، تەنانەت ئەو پاڵەوانەتیەی سوپای عیراق نواندی ، بوە وانەیەکی گەورە بۆ فیداکاری‌و هەموو ئەوانەی ترساند کە چاوبان بڕیوەتە ئەم خاکەو بوە شانازی‌یەکی گەورە بۆ مێژووی پاڵەوانیەتی گەلی عیراق .

بەرگری میللی باشترین پاڵپشتی سوپایە لە بەرگری ناوخۆدا

ب. هاوکاری لە سلێمانی

● بەرگری میللی گرنگیەکی‌گەورەو زۆری هەیە لە هەموو کاتێکدا ، بەتایبەتی لەکاتی شەرو کارەساتی ناهەمواری‌وشەرو سروشتی‌دا بۆ پاراستنی سامانی وڵات‌و دوورخستنەوەی نادەمیزاد لەمردن‌و پاراستنی دەزگاودامەزراوە پیشەسازی‌یەکان‌و لەکاتی هێرشی فرۆکەو سوپای‌دوژمندا ، بەم شێوەیە بەرگری میللی باشترین پاڵپشتی سوپایە لە جبهەی‌ناوخۆداو فریای‌چارەسەرکردنی هەموو زەرەرو زیانێکی شەرو شۆڕو هێرشی دوشمن‌نەکەوێ‌و تیپەکانی بە پەلە نەگەنە سەر شوێنی‌رووداوەکان‌و تەگبیری‌چارەسەرکردنی نەکەن‌و بەگوێرەی توانا دەستی‌بەسەردا نەگرن‌و هەموو جۆرە زیانێك بەشوێنی چارەسەرکردنی خۆی‌لەگەیەنن .

جا بەرگری میللی لە وڵاتی ئێمەشدا دەورێکی باشو بالای دبوەو ئەمڕۆش کە لە جەنگی راستەقینەو سەندنەوەی مافی خۆماندایین لەگەڵ فارسە مەجووسەکانداو هەموو سەرانسەری وڵات کەوتۆتە جەنگەوە ، بەرگری میللی دەورێکی باش ئەبینێ گیانی هاوڵاتیان‌و پاسەوانی ماڵ‌و موڵك‌و سامانیانەو زۆر بەوردی کاروباری خۆیان جێ‌بەجێ ئەکەن‌و هەر شتێك روو بدات بەپەلە لە شوێنی رووداودا ئامادەن‌و خەریکی ئیشوکاری خۆیانن ودکو ئیسعافی سەرەتایی‌و ئاگرکوژانەوە وبەرزکردنەوەی وەی هاوڵاتیان‌و ، ئەمڕۆش بەرێك‌و پێکی تیپەکانی لە پارێزگای سلێمانیدا زۆر بەرگری میللی لە هەموو گەرەکو ئاوچەکاندا دابەشبوون و ئامادەن بۆ کاتی رووداوەکان‌و ئەو تیپانە هەموویان بەستراون بەبەرێوەبەرێتی بەرگری میللی سلێمانیەوە کە ئەویش بەستراوە بە بەرێوەبەرێتی گشتی بەغداوە کە ئەویش بەیوەندی بە وەزارەتی ناوخۆوە هەیە ، جا بۆ ئەوەی لەم رۆژەدا کە رۆژێکی گرنگە لە ژیانی هاوڵاتیاندا بژانین ئەم لایەنە گرنگە رووسوورە لە سلێمانیدا تا چی رادەیەك ئیشوکاری خۆی ئەکات بەتایبەتی کە شاری سلێمانی گەلێ جار بۆتە ئامانجی فرۆکەکانی دوژمن‌و گەلێ هاوڵاتیانی ئەم شارەیان شەهیدو بریندارکرد ،چونکە لای بەرێز جمیل شکیب بەرێوەبەری بەرگری میللی سلێمانی‌و ئەویش باسی گرنگی ئیشوکاری خۆیانی کردوو ووتی :-

× بەرگری میللی لەم رۆژەدا کە وڵاتەکەمان لە جەنگی شەرەفدایە لەدژی فارسە مەجووسەکان گرنگیەکی باشو چاکی هەیە بۆ فریا کەوتنی کارەساتو هێرشە درندەکانی دوژمن ، کە هەموو رۆژێك بەفرۆکەکانی دووبارە ئەبنەوەو زیانمان لێ ئەدەن.

ئەویش بە هەوڵێ هەموو دایەرەی خۆمان‌و ئەوانەش بە دڵێ دڵسۆزانەوە توانای خویان تەرخان‌کردووە بۆ ئەم کارە ، بەنیازی پاراستنی گیانی هاوڵاتیان‌و پاراستنی دامودەزگا کانی جەبهەی ناوخۆ بوون بە وڵات ، ئەم جەنگاوەرانەی تیپ تیپ‌و بەهەموو لایەکی شاردا دابەش‌بوون‌و لە کاتی هێرش‌و بۆ مبابارانی فرۆکەکانی دوژمندا زۆر جەسورانە هەوڵی جێ‌بەجێ‌کردنی ئیشوکاری خۆیان ئەدەن‌و وەی هاوڵاتیان بەرز ئەکەنەوەو ئیسعافی بریندارەکان ئەکەن‌و ئاگری رووداوەکان ئەکوژێننەوەو وریانمایی هاوڵاتیان ئەکەن بکرێت خێرا هەموو هاوڵاتیان بەرەو ئەوێ ئەکشێن‌و یارمەتی تیپەکانمان ئەدەن بۆ چارەسەرکردنی ئەنجامی قەستفەکەو بە ئوتومبیلی خۆیان بریندارەکان ئەبەن بۆ نەخۆشخانەکان‌و بەراستی وەی هاوڵاتیانی شاری سلێمانی نموونەی‌نیە‌و ئێمە لای خۆمانەوە سوپاسیان ئەکەین‌کە هەموو راسپاردەکانی ئێمە جێ‌بەجێ ئەکەن .

● کاك جمیل فرۆکەکانی دوژمن کە لێ‌جار هێرشیان هێنایە سەر شاری سلێمانی، ئێوە وەی هاوڵاتیانتان چۆن بینی .

× هاوڵاتیانی شاری سلێمانی شاری هەڵمەت‌و قوربانی - ناوی خۆیان بەخۆیانەوەبەو هەرگیز ترس لە گیاندا نەبووە بەرانبەر بەهێرشی دوژمن بۆ نموونە لە کاتی هێرشی درندانەی فرۆکەکانی دوژمندا هاوڵاتیان ئەچنە سەربانەکان‌و سەیری بەرگری چەکەکانی دژی ئاسمانیمان ئەکەن کە چۆن ئەو دوژمنانەمان راو ئەنێن‌و هەر شوێنێکیش قەسف بکرێت خێرا هەموو هاوڵاتیان بەرەو ئەوێ ئەکشێن‌و یارمەتی تیپەکانمان ئەدەن بۆ چارەسەرکردنی ئەنجامی قەستفەکەو بە ئوتومبیلی خۆیان بریندارەکان ئەبەن بۆ نەخۆشخانەکان‌و بەراستی وەی هاوڵاتیانی شاری سلێمانی نموونەی‌نیە‌و ئێمە لای خۆمانەوە سوپاسیان ئەکەین‌کە هەموو راسپاردەکانی ئێمە جێ‌بەجێ ئەکەن .

Institut Kurde de Paris

نیشتمان و شۆڕەسواری چاونەترس

مکرم رشید تالەبانی

لە نامێزی نیشتمانەدا .
چاوی کاڵم لێ هەڵمێناو بەروەردە بووم ..
هەوای پاکیم تێر هەڵمژی
ئاوی کانیی و رووبارم تێر خواردەوە
بەسەر خاکی پیرۆزیدا
هەنگاوم نا ..
تیشکی خۆری سەر چیاکان
هێزو ووزەی بەراویان
بە دەستو چڕکو بازووم دا
بەروەردە بووم
لەنێوبی نیشتماندا
بە ڕۆدا چووم
بوو بە تینو خۆشەویستی
لە دەمارو لێسقانمدا !

● × ●

ئەی نیشتمان ..
نیشتمانی دارەخورما .
نیشتمانی کەژو چیا .
نیشتمانی کانیی ئاوو دەشتو دەریا .
ناحەزانت ..
لە ژێر قاچی شۆڕەسواردا .
شۆڕەسواری نیشتمانی ئازادیخوا .
شۆڕەسواری چاونەترسی زۆر دڵنیا .
بان دەبنەوە ..
دەبنە تۆزی خۆراکی با ،
بۆ هەمیشە دەسڕێنەوە !!
ئەی نیشتمان ..
پیاوەکانی بەرەی جەنگت .
پیاوەکانی زۆر بەجەرگت .
ترس و تۆقین ..
دانەچۆنەو پەنجە لەرزین
لەبن دەکەن !
بەسەر لاشەی دوژمنانمدا
بەسەر تەرمی ناحەزانمدا
بەسەر تانکو زرێپۆش و نارنجۆکو
تۆپخانەدا .. سەد باز دەدەن !
بێ ترس و لەرز
بەرەو ئامانج ..
هەنگاوی قورس دەهاوێژن
مردنی ڕەش دەسووتێنن
وەك میدالیا
سەرکەوتن مەزن و پیرۆز
دەگەنە گەل !
بۆ چاوی تۆ .. بۆ ئاوی تۆ
دەگەنە گەل !
ئاواتی تۆ .. ئاواتی گەل ..
وەدی دێنن .. وەدی دێنن !!

بەرەو مرحەبە

ئەی کوڕی شیرینی دایە !
ئەم موچە نانە هەڵگرەو
تویشوی ڕوات بـــا لەپشت بێ
وەك چـــۆن « قەسر »
خۆی کردە بوك
بوکی تریش چاوەڕوانتە
کوڕی دایە !
ئازادی ڕاست
لەدەستی ئێوەدایە
چونکە بەلی فڕۆکەیەکتان
بە دەستەوەیە
خوم گەرێتی دەسڕێتەوە
گەلانی ئازادی خوازی
ئێران ..
لەنـــاو کۆشی سپی
عێراقانەی خۆیـــا
دەشواتەوە
گەلانی ئازادی خوازی
ئێران
عەزرەتمەندی ئەو کۆشەی تۆن !
عەزرەتمەندی
ئەو دڵەی تۆن !

هاوار

ڕواسبارەدەی شەهیدێك

شیعری : کمال ناصر
وەرگێڕانی : قیان

نازیزەکەم ..!
گەر خەبەری منت پێ گەیشت
لەوکاتـــەی تەنیا دانیشـــتبووی
کوڕەتاقانەکەمت ئەلاوانـــدەوەو
چاوەنۆڕی ژوانەکەمان بوویت ،
نەکەی بگرییت ،
چونکە من ناگەڕێمـــەوە ،
گیانی خۆم بەخشیوەتە وڵاتەکەم

● × ●

نازیزەکەم .. !
گەر خەبەری منت پێ گەیشت
سەردولکەبێژەکەیش ووتی :
« ئەڵێن ئـــەو پیاوە دڵدارو وەفادارە کـــوژرا ،
شیلەی گوڵاوەکانیش ، لەنێو کاسەوکیفی گوڵاندا خەوتن .. »
نەکەی بگرییت ،
بەزەردەخەنەوە . ڕوبەڕوی ژیان بەرەوە
بەکوڕەتاقانەو دڵۆڤانەکەم بڵێ :
خەونەکانی گـــەل ، دڵی باوکتیان ڕۆشن کـــردەوە
بیرەکانی گەل ، ڕێگای بۆ تەخت کرد ..
جەوری ستەمکارانـــی بیتی : بوو بە شۆڕشگێڕ
تا شەهیدکرا ..
هەمو شەهیدێکیش خواوەندێکە .
باوکت بەرەو لوتکە ، ڕێگەی گرتەبەر
ڕەنگێکی کەی ، بەخشیە مانای نوێژ
سروشانێکی کەی ، داهێنا ،
تا بوو بە خەباتگێڕو شەهیدکرا ،
چاوەکانیشی ، چارەنووسی پاشەڕۆژی دەهەژاند .

● × ●

نازیزەکەم .. !
گەر خەبەری منت پێ گەیشتو نیگەران بوویت
ئۆنا نانت ، ڕەنگیان پەڕی
ڕەنگت وەکو مانگ ، زەرد هەڵگەڕا :
نەکەی بەردەوام بێت ،
نەکەی بکەی ئەسر ، لە کانیاوی گڵێنەکانت بخواتەوە
چونکە من پێی زویر ئەبم ..
بە کوڕە تاقانەو دڵۆڤانەکەم بڵێ :
باوکت مانای ژیانی درکاندو
دڵی بۆ برینی فیداکاری ، کەوتە لێدان ،
هیچیشی لەم ماڵەدا ،
بۆ من جێنەهێشت ، تەنیا :
سرودێك و لاشەی ئاوازێك نەبێ ...
پێی بڵێ :
گەر هاتو بیری کردمو هاتە سەرگۆڕم ،
ڕۆژێ لەڕۆژان ئەگەڕێمەوە لای ،
تا بەری بۆ برنمو گوڵی بۆ بچنم .. !!

دایك و کوڕ

ازاد امین باغەوان

دایك بەگشتی هۆش و گیانی
گەورەی دەکا کۆرپەکانی
پێش کەش دەکا بەنیشتمانی
بۆ پاراستنی وولات جوانـــی
کە دایك دەڵێی کۆرپەی نازدارم
سەرم بڵندکە لای کەس و کارم
خۆت بدە بەکوشت لـــەلەئاستی ڕاستی
تاکوو وەری گرین ماف و سەربەستی
خاك و وولاتمان هەمووی سووتاوە
بە بۆمبای « فارس » خاپور کراوە
کوڕ تا هێزی بوو وولامی داوە
ئەگەر لاشەکەم ورد ورد کراوە
ئەجەنگم دژی دوژمنی خاکم
لە بۆمبای « فارس » هیچ نیە باکم
ئێستاش سەربازی خاك و وولاتم
سەر بەستی گەلە هەموو ئاواتم
خاکی وڵاتمان بەخوینـــن باسوور بێ
بەڵام داگیرکەر ، لە خاکمان دووربێ

دەستی لەو خوازێ



تە دەستی هەق ... دەستی هیز ...
هاتە مەیدانی توڵە سەندن ...
توانای ناهەق ، بێهیز دەبێتو ...
نوچ دەدا ...
کە بازووی هەق کەوتە کارو ...
هیزی خۆی بەرووی ناهەقیدا جوڵاندەوە ..
تاریکی ڕادەکاتو .. ڕووناکی لـــە
بەش خوراو هەڵدێو ...
زۆرداراەکان ، بێهێز دەبنو ڕادەکەن ..

● × ●

ئەم وڵاتە ، وڵاتی خێرو برایەتی
وڵاتی کوردو عەرەب ، بازووی هەق کەوتە کارو
کێشای بەسەر سەری هیزی تاریکیو
تاریکی ڕای کردو .... ڕادەکا ..
ئەی وڵاتی خۆشەویستیو دایکی مرۆڤی هەق خوازی
نەوەکانت جارێکو تر هەق خوازی خۆیان چەسپاند
بۆ دەیان جار ...
هیزی ناهەقیان بەزاند ..

سەرباز

Institut Kurde de Paris

دەزگای رۆشنبیریی وبڵاوکردنەوەی کوردی
بەڕێوەبەری گشتی وسەرنووسەر
اسماعیل رسول

شەوامی الخلفاء
مەیدانی الخلافی
ت ٨٨٧٥٧٩٥ / ٥ خەت
ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

هاوکاری

ڕۆژنامەیەکە
هەفتەی دووجار
دەردەچێ
٤ لاپەڕە
٢٥ فلسە

● پێنج‌شەممە ١٣/ تشرینی‌دووەم ١٩٨٠ ژمارە (٥٥٦) ●
● الخميس ١٣ / تشرين الثاني ١٩٨٠ العدد (٥٥٦) ●

ئێمە نامانەوێ گەلانی ئێران مل‌کەچ بکەین ناشمانەوێ ئێران مل‌کەچ بکەین بەڵام ئێ‌ناگەڕێین هیچ کەس ، هەرکێ بێ ، مل‌کەچمان بکات و سوپامان مل‌کەچ بکات و گەلەکەمان مل‌کەچ بکات وزەویمان مل‌کەچ بکات .
سەرۆکی فەرمانده
صدام حسین

سەرۆکی فەرمانده لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی گرنگدا :

لە درێژە پێدانی جەنگ بێ باکین

■ سەرۆکی فەرمانده صدام حسین کۆنگرەیەکی فراوان وگرنگی ڕۆژنامەنووسی دەبەستێت
■ ئابووریمان بتەوو بە لهێزە ، نەخشەی بەرەپێدانیش بەردەوامە

سەرۆکی بەڕێز موهیب‌ڕوکن صدام حسین ووتی‌ئێمە لە حسیب بۆکردنی‌ئەم جەنگەمان لەگەڵ دوژمنی‌نوێمان‌دا کە ئەم جەنگەی بەسەردا سەپاندین‌وقبووڵمان کرد ، ڕازیین‌و.. هێشتاکە حسیب بۆ کردنەکانمان ڕاست‌و دروستن، چونکە تاقی‌کردنەوەکەمان دەرەنجامی جەنگ‌و پەندلێ‌وەرگرتنە عەرەبیەکانە لەلایەنە جۆراو جۆرەکانیەوە .

هەروەها بەڕێزی لە کۆنگرەیەکی گرنگی ڕۆژنامەنووسی‌دا کە ئێوارەی بەسەر پێری لە هۆڵی (الرباط) بەستی ، ووتی ئەو شتە چاکانەی بەلایەنی ئێمەدا دەرکەوتوون لە بواری عەرەبی‌و نێودەوڵەتی‌و عیراقی‌دا لە هەموو لایەنێکی هونەری‌و ناهونەری‌بانەوە لە حسیب بۆکردنی بڕیار باش ترن کاتێك لەسەر کاغەزمان دارێژا .. واتە کاتێك بڕیاری بەرەو ڕووبوونەوەمان‌دا .ئەم جەنگەبشمان درێژ ترین جەنگە لە مێژووی جەنگە نوێ‌یەکانی نێوان دوو دەوڵەت‌دا هەر لە دووەمین جەنگی جیهانی‌بەوە تاکوو ئێستا جەنگەکانی ڕزگاریخوازی‌ی لێ دەربچێت

سەرۆکی بەڕێز دووپاتی کردەوە کە ئێمە بەردەوام دەجەنگێین‌و بارو هەڵوێستی سوپایی خۆمان پەرەپێ‌دەدەین‌و بەرەو پێشەوە دەچین چونکە جەنگمان لە ناوەڕی عەرەب‌و عیراقەوەو لە پەند لێ وەرگرتنەکانمان‌و لە هەموو پەند لێ‌وەرگرتنەکانی عەرەبەوە هەڵقوڵاوە ، عەرەبیش چاکەبان لەم جەنگەو لە ئەنجامەکانیدا هەبە .

هەروەها بەڕێزی دووپاتی ئەوەبشی کردەوە هەمرو لە عیراق‌دا هەر کەسەو لە شوێنی جۆراو جۆری خۆیەوە دژی دوژمن دەجەنگێت‌و هەمیشە لە مەزەندەی باشی عیراقی‌بەکان‌دا دەبین‌و بەووردی حسیب دەکەین‌و بەدانایی‌بەوە ڕەفتار دەکەین‌و هەرچەندەبش جەنگ درێژە بکێشێت ئەوا باکمان نی‌یە لەگەڵ دووپات کردنەوەی ئەوەدا کە ئێمە حەزمان دەکرد ڕووی نەدایە زەك لەبەر ترس یان لازاری .. ئەوەبش ئاشکرا بووەو ئێمە بە چاوی لێپرسراوێتی‌یەوە تەماشای کاروباری وولاتەکەمان‌و بەرژەوەندی‌یەکانی نەتەوەی عەرەب‌و مرۆڤایەتی دەکەین لەم ناوچە گرنگەی جیهان‌دا لەبەر ئەوە دەمانەوێت هێمنی باڵ بەسەر ئەم ناوچەیەدا بکێشێت .

هەروەها سەرۆکی بەڕێز ووتی .. بە هەموو شێوازێك هەوڵمان‌دا ناوچەکە لە کێ‌بەرکێی چەکدارانە دوور بخەینەوە بە تایبەتی ناوچەی کەناری عەرەب بەڵام بەداخەوە نەمانتوانی لەم کێ بەرکێیەی دوور بخەینەوە چونکە بەتەنیا خواستێك بڕیاری لەسەر نادرێت بە هۆی مەل هورێتی‌ی ئێرانی‌یەکانەوە .

سەرۆکی بەڕێز دووپاتی ئەوەبشی کردەوە کە خواستی مرۆڤی عەرەبی سەر لە نوێ لە عیراق‌دا بووژابەوەو ، عیراق بە تەنیا دەتوانێت لە ڕووی مەترسی‌ی شەڕانی‌دا ڕابوەستێت کە لەئێرانەوە دێت ، ووەی عیراقییەکانیش زۆر بەرزەو بڕوایەکی پتەویان هەیەو فاصیلەی نێوانیان‌و نێوان سەرکردایەتی زۆر کەمە یان هەر نی‌یە .

بەڕێز سەرۆکی فەرمانده ووتی ئەو چەکەی کە هێزەکانمان بەکاریان هێنا کاریگەر بوو بە دەستی ئەو مەردانەی کە بەکاریان هێناو، چەکیش بە تەنیا پێوانە ناکرێت بەڵکوو بە ئەقڵ‌و بازووی مەردان .. لەبەر ئەو چەکەی بە دەستی عیراقی‌یەکانەوەبە زۆرباشی جەنگی کرد .

سەرۆکی بەڕێز ڕوونیشی کردەوە کە ئابووریمان بەهێزو پتەوەو نەخشەی پەرەپێدان بە گوێرەی پلانی بۆ دانراوی بەڕێوە دەچێت لە بەر گرنگی‌ی کاروباری نیاتانەو پەرە پێدان بگرە لە بارو دۆخی جەنگیش‌دا .

هەروەها ووتی .. ئەمڕۆ لە سەردانێك‌دا بۆ وەزارەتی نەخشەدا ئان تەماشای تەخمین‌کردنی پلانی ساڵی (٨١)م کرد ، کە بۆ بڕیار لە سەردانی بەرز دەکرێتەوەو، ئێمە لەو کاتەدا کە کاروباری هونەری تەواو دەکەین لە سەر لە نوێ کردنەوەی ناردنە دەرەوەی نەوت دەکۆڵینەوە .

بەڕێز داوای تەخت کردنی هەموو کاروبارێکی کرد لەگەڵ ئێراندا لە چوار چێوەی ئەم جەنگەوە ئەویش بە تەواوەتی ددان پێدانان بە مافەکانمان‌و گێڕانەوەی هەر سێ دوورگەکانی عەرەب بۆ خاوەندەکانی خۆیان بۆ وەدی هێنانی ئاسایش لەم ناوچە گرنگەدا بۆ بەرژەوەندی جیهان‌و عەرەب‌و ئێرانی‌یەکان.

هەروەها سەرۆکی بەڕێز دووپاتی کردەوە کە ئێمە بە خوێنمان هەوڵی وەدەست هێنانی ئەتۆم دەدەین لە پێناوی دابین کردنی پێشکەوتنی زانستییانەی عیراق‌دا لەو چوار چێوەی کە وامان لێ دەکات ڕێزی ڕێککەوتننامەکان بگرین لەوانەیش بڵاو نەکردنەوەی چەکی ئەتۆمی کە عیراق مۆری کردووە پەنجەیشی بۆ ئاوە ڕاکێشا کە قەوارەی زایۆنی ئارنجۆکی ئەتۆمی‌ی هەیە .

سەرۆکی بەڕێز ڕەزایی خۆی سەبارەت بە بەستنی یازدەهەمین کۆنگرەی بەرزی عەرەب دەربڕی لە کاتی دباری کراویدا لە عەمان ، ووتیشی هەر کۆبوونەوەیەکی عەرەبەکان شتێکی باشەو ئێمە دژی دابەش کردنی ئەتەوەی عەرەبین بەسەر چەند لایەنێك‌داو داوای یەك گرتنی دەکەین بە دارشتن‌و دەربڕین ، لەبەر ئەوەیە ئێمە سەر گەرمی ئەوەین کۆنگرەی بەرز لە عەمان بەبەسترێت‌و پشتیشی دەگرین هەر وەکوو چۆن پشتی کۆنگرەکانی پێشووی عەرەبمان گرت بۆ ئەوەی سەربکەون .

لەبەر ڕووناکی وتە میژوویەکەی سەرۆکی فەرمانده (صدام حسین)دا
-٢-

بەرگری لە ڕێزو سەربەرزی

یەکێ لە هەرە لایەنە ڕووناکەکانی شۆڕشی ١٧ـ٣٠ تەموزی مەزن ، ئەو لایەنەیەتی ، کە ڕێزو سەربەرزی گێڕایەوە بۆ مرۆڤی عیراقی ، بە کوردو عەرەب‌و کەمایەتیە ڕاکانیەوە ، سەری عیراقیەکانی بەرز کردەوە ، دوای ئەوەی ئەم مرۆڤە لەژێرچەپۆکی حوکومەتە کۆنەپەرستەحوکمرا خۆپەرستەکانی پێشودا ، ساڵەهای ساڵ ، مایەی چەوساندنەوەو بەش‌خوراوی بوون . بەڵام ئەم شۆڕشە مەزنەو لەبەر ڕووناکی بیروباوەڕی حزبە ڕابەرەکەیدا ، حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست هەر لە سەرەتاوە ، ڕێ‌ڕەوی بەختەوەری‌و پاراستنی ڕێزو سەربەرزی هاوولاتیانی عیراقی گرتە بەر، ئەمەش لەوەدا دەرکەوت کە دەستکەوتە دوای دەستکەوتەی بنیات‌نان‌و ئاوەدانی‌و گوزەران باشی بۆ ڕەخساندن . تا عیراقی لەنیشتمانی عەرەبدا بەتایبەتی‌و لەجیهاندا بەگشتی بوە سەرچاوەی تیشك هاویژی بەرەو ڕووناکی . لەماوەی ساڵانی تەمەنی شۆڕشدا ئەوەی بۆ ڕۆڵەکانی گەلەکامان بەدی‌هاتوون بەڵگەی ڕاستی ئەم بۆچوونەن . (عیراقیەکان دەیانەوێت بە ئاشتی بژین دەیانەوێت بەشێوەیەکی ئاقڵانە خێراتی خۆیان بەکار بهێنن ، دەیانەوێت خۆیان دروست‌بکەن‌و نایانەوێت سەربەرزی‌یان بپارێزرێت‌و نایانەوێ سەربەرزی کەس لەکەدار بکەن) ئەم دووپات کردنەوەی سەرکردەی فەرمانده صدام حسین ، ڕێ‌ڕەوی ڕاستی شۆڕشە ، بەڵگەی باوەڕی مرۆڤایەتی شۆڕش‌و حزبە سەرکردەکەیەتی ، بەڵام ، کە ڕژێمی ئێرانی گومان لێ‌کراو هەموو گیانیان ـ هەروەك سەرۆکی فەرمانده لە وتە میژوویەکەیدا دووپاتی کردەوە ـ پڕیەتی لەقین‌و لەخۆ بایی بوون ، ئەوانە ، وایان دەزانی دەتوانن عیراقیەکان مل‌کەچ بکەن ، هەروەك چۆن لای خۆیان نەتەوەکانی ئێرانیان مل‌کەچ کرد . نەیان زانی ئەو عیراقەی بەتێکوشان‌و ڕەنجی خۆی‌و بە متمانەکردنە سەر میژووی پڕ لە شانازی خۆی وڵاتێکی ئاوەدانی بنیات ناوە ، مل‌کەچی هێچ هێزێکی دەرەوە نابێ‌و کە لە ١٧ـ٣٠ تەموزی ١٩٦٨دا سەربەست‌و ئازاد بوو ، ئیتر لەو ڕۆژەوە ڕۆژی کویلەیەتی‌و مل‌کەچی بەسەرچوو ئەو ڕۆژانە بەسەرچوون هەرکەس بێت‌و بیەوێ یاری بە موقەدەراتی بکات . نەرژیمی کۆنەپەرستی ئێران‌و نە هەموو ئەو دەستەو تاقمە ئەڵقە لەگوێانەی ئیمپریالی‌و زایۆنی‌و هێزە شەڕ خوازەکانیان لەپشتەوە وەستاوە ناتوانن مل بە عیراق کەچ‌بکەن . ڕێگایەکەو گەڕانەوەی تیا نیە ، بەڕابەری سەرکردەی لێ‌هاتو صدام حسین شۆڕش مەردانە بەرگری لەڕێزو سەربەرزی عیراق دەکاو بۆ پێشەوە .

ـ هاوکاری ـ

ڕۆژنامەکانی نەمسا :

فەرمانڕەوایانی ئێران شێوازەکانی شابەکار دەلهێنن

باری ناهەمواری ئێران‌وانەشەنەکردنی ناکۆکی‌ی نێوان لایەنەکانی ڕژێمی ئێران ڕۆژی دووشەممەی ڕابوردوو باری سەرنجی ڕۆژنامەکانی‌نەمسایان ڕاکێشاو بایەخیان پێ‌دا .

ئەوە بوو ڕۆژنامەی (کوریر) ی زۆر بڵاوی نەمسا بەسرپێرێ ووتوویەتی فەرمانڕەوایانی ئێران ئێستا هەمان ئەو کارانە ئەنجام دەدەن کە شای لێ‌کەوتووو ئەنجامی دەدان ئەویش بەکارهێنانی توندو تیژی‌یە دژ بە بەرهەلستەکان‌و لە بەندیخانە توندکردنیان .

ڕۆژنامەکە دووپاتی ئەوەی کردووەتەوە کە سەرەتای تەنگ‌و چەڵەمەیەکی ناوخۆیی خەریکە دەردەکەوێت هەموو ئێران بەرەو مەترسی بەرێت‌و ڕۆژنامەی (ئەلبرسا) پتر بەنچەی بۆ ئەوەڕاکێشاوە کە تەنگ‌و چەڵەمەیەکی دیکە دەرکەوتووە هاووڵاتیان بەرەو مەترسی دەبات ئەویش نەبوونی شت‌و مەکی خواردەمەنی‌یە لە کاتێك‌دا دەوڵەت بڕیاری داوە شت‌ومەك بە بلیت دابەش بکات‌و دابەش‌کردنەکەیش کاتی دیاری‌کراوی بۆ تەرخان کرابێت .

٢١٨ کوژراوو بریندار لەزیمبابوی

ڕۆژی ١٠ـ١١ـ٨٠ لەشاری (بۆوایۆ)ی زیمبابۆی بڕیاری وەستانی تەقە لە نێوان هێزەناکۆکەکاندا دەستی پێ‌کرد کە لە تەقەکەدا ١٨ کوژراوو ٢٠٠ بریندار بوون .

ئاژانسی دەنگ‌و باسەکان ونویانە کە کاربەدەستانی میری بارمەتی تەواوی لە هێزی ئاسایش ناردووەو قەدەغەی گەڕانی کردوە لە دانیشتوان‌و هەندێ شوێنیشی بەدانیشتوان چۆڵ کردووە .

ئەوانەی کە سەربەسەرۆکی وەزیرانی (ڕۆبرت مۆغابی) لە گەڵ ئەوانەی کە سەر بەوەزیری ناوخۆ (جۆشوانکۆمۆ)ن یەکتربان بەدەست پێشکەری کوشتار تارانبار کردووە .

ئیزگەی « سۆلزبیری » ووتوویە ئەو دانیشتوانە کە شاریان بەهۆی شەڕەوە جێ‌هێشتبوو گەڕانەوە .

چەند جانتایەکی گومان لی‌کراوی لیبیا لە مانێلادا

دەستەڵاتدارانی گومرك لە مانێلای پایتەختی فلیپین دەستیان بە سەر چەندین جانتای دیبلۆماسی‌دا گرتووە کە لە تەرابلسەوە بۆ باڵیۆزی لیبیا نێردراون لە مانێلا .

سەرچاوەیەکی ئاگادار ووتوویەتی کە دەستەڵاتدارانی فلیپین ئەوە بەدوور نازانن کە ئەم جانتایانەی لە سەریان نووسراوە شت‌ومەك ئەو شت‌ومەکە چەك‌و زەخیرە نەبێت .

تێگەیەنی پارتی دیموکراتی سۆشیالیستی ئیتالیا سەبارەت بەڵوێستی عیراق

بەڕێز طه احمد الداودباڵوێزی عیراق لە ڕۆما ١١ـ١١ـ٨٠ چاوی بە بەڕێزبیترو لونکو ئەمینداری گشتی پارتی دیموکراتی سۆشیالیستی‌ئیتالیا کەوتووە .

بەڕێز باڵوێزی عیراق لە چاوپێ‌کەوتنەکەدا هەڵوێستی عیراقی لەمشەڕەدا لەگەڵ فارسی دوژمن دەربارەی گەرانەوەی مافی ڕەوامان لە خاك‌و ئاوی داگیرکراودا بۆ ڕون کردۆتەوە .

بەڕێز باڵوێزی عیراق دووپاتی ئەو تەقەللا ئاشتی‌یەی عیراقی ڕوون کردووەتەوە کە ئەیداو هەروەها وتویە کە عیراق ئامادەیە بۆ وەستانی تەقە بەرامبەر دانان بەمافی ڕەوامان‌و پەنجەشی بۆ ئەو هەڵوێستی کەم‌تەرخەمی‌یەی ڕژێمی ئێران ڕاکێشاوە کە هەیەتی لەبەردەوامی ئەوهەڵوێستەیداو لەمافی عیراق‌و ئەو تەقەللا ئاشتی‌یانەی کەلە لایەن دەوڵەتانەوە ئەدرێن خۆ گێل ئەکات .

ئەمینداری گشتی پارتی دیموکراتی سۆشیالیستی ئیتالی تێگەیەنی خۆی سەبارەت هەڵوێستی عیراق لەبارەی مافی ڕەوامانەوە دەربڕی .

لهێزه سەرکەوتووەکانمان بەردەوام بنکەکانی فارسی دوژمن وێران دەکەن

سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکان ڕۆژی ٤-١١-٨٠ بەیاننامەی ژمارە (١٢١) ی دەرکرد کە تیایدا هاتووە جەنگەکانمان لە گەل دوژمنی نەتەوەی عەرەبدا فارسە ڕەگەزپەرستەکانو ئەو سەرکەوتنانەی کە جەنگاوەرەکانمان لە بەرەی جەنگدا وەدیی‌یان دەهێنن بووەتە هیمایەکی ڕاپەڕینی نەتەوەی عەرەبو هەنگاو هەڵهێنانی بەرەو سەربەرزی .. چونکە ئەو دوژمنەی گاڵتەی بە سەربەرزی‌ی گەلەکەمانو نەتەوەکەمانو خاکو ئاوەکەی داگیر کرد ئەمڕۆ شکستی هێناوەو سەرشۆڕی‌ی بێ‌بڕاوە ئەویش لەبەردەمی دەستی دلێرانەی هێزە چەکدارە ئازاکانماندا کەلێ‌ی دەوەشێنن ، ئەو زیانانەی کە ئێوارەی ٣-١١و سەرلە بەیانی‌ی ٤-١١-١٩٨٠ لە دوژمن کەوتوون بەم چەشنەن:

٥٦ کوژراو کە بیست لاشەبان ، دوژمن لە شوێنی جەنگێکی پێشوودا بەجێ‌ی هێشتبوو لە کەرتی ڕووروو ، تێکشکاندنی یەك تانك و سێ ئۆتۆمبیل و یەك نەفەربەری زرێپلی و ڕوانگەیەك ، تێکشکاندنی ئۆتۆمبیلێکی پڕ لە زەخیرەو چەندین سنووقی تری تەقەمەنی .

زیانی ئێمەیش ١٦ شەهیدو تێکشکانو ئاگر بەربوونی هەشت ئۆتۆمبیل و یەك بلدۆزەرو شێفلێك و زەوی هەڵکەنێك .

هەروەها لە بەیاننامەی ژمارە (١٢٢)ی هەمان ڕۆژدا هاتووە کە هێزە چەکدارە نەبەردەکانمان لە سەرکەوتن بەسەر فارسی دوژمن‌دا بەردەوامن و ئەنجامی ئەو دەستوەشاندنەی لە دوژمن پاشنیوەڕۆی ٤-١١-١٩٨٠ بەم چەشنە بووە :

زیانەکانی دوژمن : تێکشکاندنی دوو تۆپهاوێژو یەك ئۆتۆمبیلو یەك بنکەی مووشەك ، ئاگر تێبەردانو تەقاندنەوەی چەندین کۆمەڵی زەخیرەو تەقەمەنی .

زیانمان سێ شەهید بووە.

لە لایەکی تریشەوە ڕۆژی ٤-١١-١٩٨٠ فرۆکەکانی دوژمن هێرشیان بردووەتە سەر ئەم ئامانجە سوپایی‌و شارستانیانە کە هێزەکانی بەرەنگاری زەمینی بەم چەشنە تەقەیان لێ‌کردوون :

لە کاتژمێری ١٠٢٣دا هێرشیان کردووەتە سەر ڕوانگەکانمان لە کەرتی باشووری بەرەی جەنگ ، لە کاتژمێری ١٢٤٤دا هێرشیان کردووەتە سەر مێرگەسوور لە پارێزگای هەولێر .

ئەنجام فرۆکەیەکی جەنگی‌ی دوژمن لە کەرتی باشووری بەرەی جەنگ خراوەتە خوارەوە .

هێزە سەرکەوتووەکانمان بەردەوام بنکەکانی فارسی دوژمن وێران دەکەن

سەرکردایەتی‌ی گشتی‌ی هێزە چەکدارەکان ڕۆژی ٨-١١-١٩٨٠ بەیاننامەی ژمارە (١٢٨)ی دەرکرد کە تیایدا هاتووە کە سوپای مەزنی عیراق ئەوەی چەسپاند کە سوپای نەتەوەی عەرەبە ئەویش لە چوارچێوەی جەنگە باڵەوانێتی‌یەکانیەوە لە گەل فارسی ڕەگەزپەرستی دوژمن‌دا کە هەوڵی ئەوەیان دا گاڵتە بەمافو سەربەرزیمان بکەن کە سوپای مەزنمان دەرسێکی ئەوتۆی پێدادان ڕیز لە مافی کەسانی تر بگرن .

ئەمەو ئەنجامی چالاکی‌ی هێزە چەکدارەکانمان لە بەرەی جەنگ ڕۆژی ٧-١١و سەر لەبەیانی‌ی ٨-١١-٩٨٠ بەم جۆرە بووە :

٢٧ کوژراو سەرەڕای تێکشکاندنی ئۆتۆمبیلێکی پڕ لە سەرباز ، تێکشکاندنی دوو تۆپهاوێژو یەك ئۆتۆمبیلو یەك شێفل سەرەڕای تێکشکاندنی ژمارەیەك چەکی ناوەندی ، ئاگرتێ بەردانی عەمبارێکی نەوت لە عەبادان، سەرنگوم کردنی دوو بەلەمی جەنگی لە شط العرب‌دا سەرنگوم کردنی بەلەمێکی تر لە ڕووباری کاروون‌دا ،دەست بەسەردا گرتنی ١١ ئۆتۆمبیلی چەشناو چەشتن بۆ بەکارهێنان دەشێن ، دەست بەسەردا گرتنی سێ تانك‌و دوو نەفەربەری زرێپلی کە هەموو بۆ بە کارهێنان دەشێن .

زیانمان هەشت شەهیدو ، ١٢ ئۆتۆمبیلی هەمە چەشنو یەك تۆپهاوێژ بووە .

هەروەها لە بەیاننامەی (١٢٩)ی هەمان ڕۆژدا هاتووە کە هێزە نەبەزەکانمان دلێرانە دەست لە فارسی ڕەگەزپەرستی دوژمن‌دەوەشێنن‌و پاڵەوانەکانی هێزی ئاسمانیمان بۆردمانی دوژمن‌و قەڵاو سەنگەرەکانیان کردوون‌و زیانی فراوانی دوژمن درۆو دەلەسەکانی خومەینی‌ی دەجاڵو تاقمە هەڵخەڵێنراوەکانی وەدەر دەخەن ، ئەمەو سەرجەمی چالاکی‌ی هێزە چەکدارەکانمان پاش نیوەڕۆی ٨-١١-١٩٨٠ بەم چەشنە بووە :

کوژراوێك ،هیلیکۆپتەرەکانمان هێرشیان بردووەتە سەر چەندین بنکەی دوژمن لە کەرتی خوارووی بەرەی جەنگ‌و سێ تانك‌و « ٥ » ئۆتۆمبیل‌و یەك ئۆتۆمبیلی پڕلە چەك‌و تەقەمەنی‌و نەفەربەرێك‌و یەك تۆپهاوێژیان تێك‌شکاندووە خستنە خوارەوەی چوار فرۆکەی جەنگی لە کەرتی خوارووی بەرەی جەنگ لەلایەن هێزی بەرهەڵستی‌ی زەمینیمانەوە دووانیان لە ناوچەی تەپۆلکەکانی (اللە اکبر)و سێیەم لە ناوچەی سیبەو چوارەم لە نێوان عەبادان‌و محەمەرە .

زیانمان سێ شەهیدو دوو ئۆتۆمبیل بووە .

لە لایەکی دیکەیشەوە فرۆکەکانی دوژمن هێرشیان هێناوەتە سەر چەند دەزگایەکی شارستانی‌و هێزی بەرهەڵستی زەمینیمان تەقەیان لێ‌کردوون‌و ناچاریان کردوون هەڵبین :

لە کاتژمێری ٦٥٠ دا هێرشیان بردووەتە سەر دەزگا شارستانیەکانی شاری سلێمانی ، لە کاتژمێری ٦٥٨ دا هێرشیان بردووەتە سەر گەڕەکەکانی نیشتەجێ لە تەئمیم .

فرۆکەکانی ئێمەیش هێرشیان بردووەتە سەر سەربازگەیەکی دوژمن لە خوارووی عیلام‌و ڕاستەوخۆ ئامێرو سەربازەکانیان پێکاوەو زیانێکی گەورەیان پێ‌گەیاندوون‌و فرۆکەکانیشمان بە ساغی گەڕاونەتەوە خاکی نیشتمان .

هەروەها سەرکردایەتی‌ی گشتی‌ی هێزە چەکدارەکان ڕۆژی ٩-١١-٩٨٠ بەیاننامەی ژمارە «١٣٠»ی دەرکرد کە ئەمە دەقی تەواویەتی :

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بۆ ڕۆڵەکانی عیراقی مەزن

جەنگە پیرۆزەکەمان لە گەل دوژمنانی عیراق‌و نەتەوەی عەرەب‌دا پێویستی بەو خۆبەخت کەرانەیە کە تەمەنیان لە شەست‌و پێنج ساڵی تێ‌پەڕی کردووە جا ئەوەی ئارەزووی خۆبەخت کردنە بۆ ئەوەی‌ئەم سەربەرزی مەزنە وەربگرێت لە خزمەت کردنی نشتمان‌و گەل‌و نەتەوەدا بە بروسکە ناونیشان‌و تەمەنی بۆ سەرۆکایەتی دیوانی سەرۆکایەتی‌ی کۆمار لە کۆشکی کۆماری بنێرێت یان سەر لە ئیستیلاماتی کۆشکی کۆماری یان پارێزگاران لە بارێزگاکان‌دا بدات بۆ ئەوەی خۆی بناسێنێت‌و زانیاری‌ی داواکراو پێشکەش بکات ئەویش لە کاتژمێری دەی سەر لە بەیانی‌ی ١٠-١١-٨٠وە تا ٢٠-١١-٨٠

موهیب روکن صدام حسین
سەرکردەی گشتی‌ی هێزە چەکدارەکان

سەرکەوتنی ڕۆنالد ریگان بە سەرۆکایەتی ئەمەریکا

واشنطن - ٥- ئا.د.ع :سەرکەوتنی پاڵێوراوی پارتی کۆماری‌ی‌رونالد ریغان لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکادا تا بە مە بێتە چلەمین سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاناژانسی دەنگ‌وباسەکان رایان‌گەیاندووە کە سەرۆکی‌ئێستا جیمی کارتەر لە هەڵبژاردندا بەرامبەر ریغان دانی بەسەرنەکەوتنیدا ناوە ئاژانسی دەنگ‌وباسی ڕۆژنامەفەڕەنسای‌یەکان وتیان کە کارتەر،٢٨ ملیۆن‌و ١٥٨هەزاردەنگی بووە کە ئەکاتە لە سەدا چل‌و دوو بەڵام ریغان ٣٤ ملیۆن‌و ١٩٤ هەزار دەنگی بووە کە ئەکاتە لەسەدا‌بەنجاو یەك‌و جۆن ئەندرسۆن چوار ملیۆن‌و ٢٥١ هەزاردەنگی بووە کە ئەکاتە لەسەدا شەش .

بەناوی رونالد ریغان سەرکەوتووی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکا قسەکەرێك وتوویە کە سیناتۆری دیموکراتی(هنری جاکسون) ناونانی بەنەندامی ئەو دەستەیەی‌کە ئەبنە بەرێوەبەرانی بەرێوەبەرایەتی ریغان تەواوبوو ناوی (جاکسون) پێش هەڵبژاردنی ئەمریکاوەك وەزیری بەرگری لە حکومەتی ریغاندا ئەگەر سەرکەوت ناو ئەبرا .ئەوەی زانراوە « جاکسون » یەکێکەلەلایەنگیرانی هێڵی ڕەق لە پێوەندی نێوان ئەمریکاوە یەکێتی سۆڤیەتداو لە ئەنجومەنی پیرانی ئەمەریکاد٢٨ ساڵە نوێنەرە .

هەروەها سەرۆکی‌هەڵبژێردراو رونالد ریغان ڕۆژی پێنجی مانگ لە لۆس‌ئەنجلوس بۆ ئاهەنگ گێرانی بەبۆنەی سەرکەوتنیەوە لەلای چەند سەد کەسێ لەلایەنگیرانی ئامادەبووەوپەنجەشی بۆ جۆرج کاش ڕاکێشاوە کە بەشداری ئەکات‌لەو لیستەیەدا کە ئێستا هەیە وەك جێگرێکی‌سەرۆك‌و بەڵێنی دا کە لە گەل بۆش کە سەرۆکی‌کۆنی بنناگونە پەیوەندی ڕاستەقینە لە کاردا پەیداکات‌وونی : کە بۆش پال بە ئەمەریکاوە سەرلەنوێ بۆ کارئەنێت .

باوەڕی چاودێری ئاژانسی‌دەنگ‌و باسەکانیش وایە کە باڵێوەرانی پارتی کۆماری لەئەنجومەنی پیراندا بەستی زۆر ئەگرنەوە .

هەروەها ئەنجامە سەرەتاییەکان بەشەش جێگە واتە (دوو جێگە زیاتر لە پێك‌هاتووی پێشوو سەرکەوتنی پارتی کۆماری نیشان داوەودیموکراتیەکانیش حەوت جێگەیان دەست‌کەوتووەواتە دوو جێگە کەم بە ڕوای‌چاودێری کەران وایە کە ئەندامانی پارتی کۆماری لە١٢ ولایەتی تر سەر ئەکەون بەرامبە چوار ولایەتی‌دیموکراتیەکان ئەگەر ئەم شانەنە هاتنە دی کۆماری‌یەکان‌دە جێگەیان دەست‌ئەکەوێ کە ئەمەش بۆ زۆری ئەنجوومەنی‌پیران کەمە چونکە (٤١) شوینە بەرانبەر ٥٨-جێگەی دیموکراتیەکان‌و جێگەیەکی بێ لایەنەکان .

ئەوەی زانراوە ئێستا سەرلە نوێ هەڵبژاردنی ٣٤- ئەندام ئەکرێتەوەکە سێ یەکی ئەندامانی ئەنجومەنی پیراتن کە‌ژمارەیان سەد ئەندامە .

Institut Kurde de Paris

گوزەران کردن لە ئێران دا

تاڵ بووە !

- باوکی شەپۆل -

لەو کاتەوە خومەینی‌ی‌ڕەگەزپەرست‌و تاقمە ڕیشبان‌و بێ‌مێشکەکەی‌و دەست‌وپێوەندە ئەلقە لە گوێکانی ئەمریکا هاتوونە سەر تەختی‌فەرمانڕەوایی‌کردن لە ئێران‌دا، بارودۆخی ئێران هەر بەرەو بشێوی‌و ئاڵۆزی‌و ئاژاوەو خرابی ڕۆیشتووەو ڕۆژنەبووە شتی سەیر سەیر لە ئێران‌دا ڕوونەدات ، کە بە بیری هیچ کەسێك‌دا نەهاتبێت لە قووتووی هیچ‌خەتاریکیش‌دا باس‌و هەوالی نەبیستراببێت .

ڕەگەزپەرستەکانی ئێران بەبازووی تێکۆشانی گەلانی جەوساوەو هەژاری ئێران ،توانی‌یان ئەلقە لەگوێ‌ترین ڕژێمی پادشایەتی سەرنگوم‌بکەن ، بەڵکوو ڕاست‌تر ئەوەبە ، کە گەلە جەوساوەو‌هەژارەکانی ئێران توانی‌یان گەورەترین ڕژێمی داردەستی‌بێگانە لە ئێران‌دا بڕووخێنن ، بە هیوای ئەوەی ئەوەسەربەستی‌و ئازادی‌یەی شای دکتاتۆر لێ‌ی زەوت‌کردبوون‌وەدەست‌بهێننەوەو لە ژێر سایەی ئازادی‌ی تێکۆشان‌وبیرکردنەوەو گوزەرانی سەربەستانەدا بژین‌و خێرو سامانی‌خۆیان بۆ خۆیان بێت ، بەڵام ئەو هیواو ئاواتانەیان لەلایەن ڕەگەزپەرست‌و عەمامە لەسەرە بێ‌مێشك‌و گێل‌و گەوجەکانی خومەینی‌بەوە پێشێل کران ، بەڵکووتا ڕادەیەکی ئەوتۆ ئەو ڕەگەزپەرستانە جەنگی‌ی‌ڕەگەزپەرستانەی خۆیانیان دژی کوردو عەرەب‌و بلووچ‌وئازەر هەڵگیرساندو خوێنی گەشی هەزاران‌بێ‌گوناهو بێ‌تاوانی ئەو گەلانەیان ڕێژاو ، دەست‌وبێ‌ی خۆیانیان بێ‌سورکرد ، ئەو هەژارانەیش تاوانی‌هیچیان لە ئەستۆدا نەبوو ، ئەوە نەبێت داوای مافی‌ئەتەوەیی‌یە ڕەواکانی خۆیان دەکەن .

لەو کاتەیشەوە بێ‌مێشکەکانی تاران‌و قوم هەڕەشەو گوڕەشەبان دژی‌عیراقی شۆڕش دەکردو ڕۆژ نەبوو بە سوپاو فرۆکەوچەکی جۆراو جۆرەوە ، دەستدرێژی نەکەنە سەرخاك‌و ئاسمانی عیراق ، تا ئەو ڕادەیەی کەوتنەبۆردمان‌کردنی شارەکان ، بۆیە عیراقیش بۆ داکۆکی لە سەربەرزی‌و سەربەخۆیی خۆی وەڵامی دانەوەو جەنگی‌قادسیەی صەدام باشترین بەڵگەی ددان شکێنی بووبۆ عەمامە لەسەرو گێل‌و گەوجەکانی قوم‌و تاران ،کە بە هۆیەوە بە ئاگادا هاتن‌و لە خەوی بێ‌مێشکێتی‌ی‌خۆیان ڕاپەڕین‌و خۆیان لە بەردەمی ڕاستەقینەدابینی‌یەوە .

ئێستایش هەر خەریکی‌درۆو دەلەسەو فرو فیشال کردنن‌و ، گەلانی ئێران دەخەڵەتێنن‌و ڕاستی‌ی کونستارو جەنگیان بێ‌ناڵێن‌و،دۆخ‌وباری ئێرانیش بەرەو خراپ‌تر دەبەن ، کە ئێستاوایان لێ‌کردووە گوزەران‌کردن لە شارو گوندەکان‌دا زۆر تاڵ‌بووەو هیچ شتێکی خواردەمەنی‌و سووتەمەنی‌دەست ناکەون ، بۆ پاسەوانە ناموسوڵمانەکانی خومەینی‌نەبێت ، کە هەموو شتێکیان بۆ خۆ قەدەغە کردووەو دزوجەردەییش دەکەن‌و خەڵك‌و خوا ڕووت‌و قووت دەکەنەوە،کە ئەنجام وای لە ئێرانی‌یەکان کردووە ڕەو بکەن‌و بۆ ئەورو‌پاو وولاتانی تر بەنابەرن !

کە دەشڵێین ئێمە دژی(شەتیانی کەورە) یەن‌و ئەوەتا ساڵێکە پەنجاو دووسیخوڕی باڵیۆزخانەی ئەمریکامان گرتووە ، ئەوانەش هەر درۆ لەگەل گەلانی ئێران‌و جیهان‌دا دەکەن ،بەڵکوو درۆیش لەگەل خۆدەکەن ، ئەدی ئەگەر درۆناکەن ، بۆچی خەڵخاڵی‌ی نەفام‌و سەرشێت لەقەدەوشێنێت‌و کلکی بەرزدەکاتەوەو کۆپانەکەی(عەمامە) کەی دەکەوێتە سەر زەوی‌و یەکێك لە خزمەتکارەکانی بۆی هەڵدەگرێت‌و لەبەری‌دەکاتەوە !! هەموو ئەم شەڕەشەقێیەی بۆ ئەوەبوو بەبارمتەگیراوەکانی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لەتاران‌بەربدرێن‌و بەگوێ‌ی بەرەەڵستی‌کەرانیدا بچرپێنێت‌کە بەردانیان بۆ ئێران باشترە، چونکە بەرانبەر بەوە چەك‌وزەخیرەو ئامێری سپێریان پێ‌دەدرێت‌و دەتوانن هەرنەبێت عەمامەکەی خۆیان لە جنگی تووڕەیی گەلانی‌ئێران بێ ڕزگار بکەن، نەك هەر ئەمە بشێوی‌و هەرکەبۆ خۆیی لە ئێران‌دا گەبشتووەتە ڕادەیەك ئەم‌عەمامە لەسەر ئەوی تر تاوانبار دەکات‌و بە بەکرێگیراوی ئەمریکای دادەنێت‌و ، ئەم عەمامەلەسەری تریش ئەو ئەفەندی تاوانبار دەکات‌و فەرمانی گرتنی دەردەکات ، ئەوەبوو لەم دوایی‌یەدا قطب‌زادەی وەزیری دەرەوەی پێشوو ، لە لایەن دادوێستی‌گشتی‌یەوە فەرمانی گرتنی دەرکراو ، گیراو خرایەبەندیخانەی ئەفینەوە ، ئەوەیش بە تاوانی ئەوەی لەچاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا لێپرسراوێتی‌ی بشێوی‌وتێکچوونی بارودۆخی ئێرانی خستبووە ئەستۆی عەمامەلەسەرو نیوچە مەلاکانی تاران‌و قومەوە ، کە ئەوانن‌بوونەتە هۆی ئەم هەموو ئاژاوەو ئێرانیان بەرەوهەڵدێری ڕووخان‌و شکستی بردووە .

ئێمەیش دەڵێین کە جەنگی قادسیەی صەدام بوو بە هۆی ئەوەی پەردە لە ڕووی بەکرێگیراوی‌ی خومەینی‌و تاقمە عەمامە لەسەرو دەست‌و پێوەندە ڕەگەزپەرستەکەی هەڵبمالرێت‌و ، بەڕووت‌و ڕەجاڵی لە بەردەمی گەلانی ئێران‌و جیهان‌دادەربکەون ئەنجامی هەر بەکرێگیراوێکیش ئەمان‌و مردنە ، سەرکەوتنیش هەر بۆ ماف‌و گەلی تێکۆشەری‌ئێمەیە ، لە عیراقی شۆڕش‌و بەخشش‌و سۆشیالیستی‌دا .

وەزیری نەخشە دانان :

بڕۆژەکانی پلانی پەرەپێدانی نەتەوەیی لە کاتی دیاری کراوی خۆیان دا تەواو دەکرێن

دکتۆر طه ابراهیم العبدالله وەزیری نەخشە دانان دووپاتی کردەوە کە عیراق هەوڵی ئەوە دەدات وەدی‌هێنانی جێبەجێ کردنی پڕۆژەکانی پلانی پەرە پێدانی نەتەوەیی لە کاتی دیاری کراوی خۆیان‌دا بێت ئەویش لەبەر تیشکی ئامۆژگاری‌و ڕێنوێنی‌یەکانی بەڕێز سەرۆکی فەرمانڕەو صدام حسین‌دا .

هەروەها ووتوویەتی لەم دوایی‌یەدا ئەوە سەرنجی ڕاکێشاوە کە هەندێك لە کۆمپانیاکانی بێگانە کاری خۆیان ڕاوەستاندووە یان کەمی کردووەتەوە ئەویش لە جێبەجێ کردنی ئەو پڕۆژانەی بە قۆنتەراتیان تایبەتی‌یان لە گەل‌دا دەکرێت.

گرتوون بە بیانووی باردۆخی جەنگ لە گەل فارسی دوژمن‌دا .

ووتوویشەتی ئەم کارەی ئەو کۆمپانیا ناو براوانە هەندێك پڕۆژە دوا دەخات ئەنجا لەبەر ئەمە ئەوا مامەڵە کردن لە گەل ئەم کۆمپانیانەدا لە پاشە ڕۆژا ڕەچاو دەگیرێت .

دکتۆر طه ابراهیم العبدالله ڕوونیشی کردووەتەوە کە ئەو کۆمپانیا بێگانانەی بە تەواوەتی لایەنی جێبەجێ کردنی ئەو پڕۆژانەیان گرتووە کە قۆنتەراتیان گرتووە بەگوێرەی ئەم لایەنگیری‌یەیان لە پاشەڕۆژا مامەڵەیەکی پڕۆژانەی بە قۆنتەراتیان تایبەتی‌یان لە گەل‌دا دەکرێت.

سەرنج

خوێنەری بەڕێز

ژمارەی پێشووی‌ڕۆژنامەکەمان ژمارەی (٥٥٦) لەسەر نووسرابوو ، کە لەڕاستی‌دا ژمارە (٥٥٥) و بەهەڵە ژمارەکە دانرابوو ،واتە ژمارەی ئێستامان (٥٥٦) بۆ ئەو خوێنەرانەی‌بەدوای ژمارەکاندا دەگەڕێن‌و هەموو خوێنەران ئەم‌ڕوونکردنەوەیە بڵاو دەکەینەوە لەگەل داوای لێ‌بوردن .

- هاوکاری -

ڕاپۆرتی ناوخۆ

بەسەدان هاووڵاتی بەدەنگ بەیاننامەی ژمارە «١٣٠»ی سەرکردایەتی هێزە چەکدارەکانەوەدێن

لەگەل دەرچوونی بەیاننامەکەی سەرکردایەتی گشتی هیزی چەکداردا کەداوای لەو هاووڵاتیانە کردوە تەمەنیان لە ٦٥ ساڵ‌بەرەو ژوورە خۆیان ناونووس بکەن بۆ ئەوەی‌بچنە ریزی خزمەت‌گوزاری جەنگی ڕەوای وڵاتەکەمان دژی‌ڕەگەزپەرستەکانی ئێران .

لەگەل دەرچوونی ئەم بەیاننامەیەدا هەر لە شاری بەغدا بۆ ڕۆژی دووەم بەسەدان‌هاووڵاتی لەبەردەم بنووسکەی کۆشکی کۆماریدا ئامادەبوون‌وداوای ناونووسیان دەکرد بۆ ئەوەی بچنە ریزی تێکۆشانی‌شەرەفەندی خزمەتی گەل‌و نیشتمان .

ئەوانەی هاتبوون وێنەی سەرۆك کۆمار سەرکردەی فەرمانده (صدام حسین)یان بەرز کردبوەو ئامادەبیان دووبات کردەوە بۆ فیداکاری لەپێناوی پاراستنی خاکی نیشتمانداد .

بەرێز طارق حمد العبدالله ئەمینی سری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش جێگری سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار کە لەکاتی ناونووس کردنەکەدا ئامادەبوو بە (ئا.د.ع) ڕاگەیاند کە چەندان بروسکە گەیشتووە بە سەرۆکایەتی کۆمار لەلایەن ئەوانەوە ئارەزوو دەکەن بێتە ریزی خزمەت‌گوزاری شەرەفەمەندی لەجەنگی عادیلانەماندا دژی دوژمنە کانمان .

بەرێزی ڕای‌گەیاند کە سەرکردایەتی لە ئەرکەکانی ئەو هاووڵاتیانە دەکۆڵێتەوەو ئەو ئیشوکارانەش دیاری دەکا کە دەتوانن لەم ڕووەوە ڕای‌بەرێنن .

● لە پارێزگاکاندا

ئەوەی شایانی باسە ، لە هەموو پارێزگاکانی وڵاتدا ، بەسەدان لەو هاووڵاتیانەی تەمەنیان (٦٥) ساڵ‌و بەرەوژورە داواکاریان پێشکەش بە دیوانی پارێزگاکان کردوەو ئامادەیان پیشان داوە کە بە شانازی‌یەوە بەشداری لەجەنگی سەرکەوتندا بەرابەری سەرۆکی بەرێز صدام حسین بکەن دژی ڕەگەزپەرستە فارسەکان.

دیوانی پارێزگاکان دەفتەری ناونووس کردنی ئەو هاووڵاتیانەی‌کردوە کە بەپێ‌ی بەیاننامەی ژمارە «١٣٠» سەرکردایەتی گشتی هیزی چەکدارە بۆ ماوەدان بەو هاووڵاتیانەی ئارەزووی بەشداربوون لە جەنگی شەرەفەمەندیدا دەکەن .

سوپای میللی و ئامادەبوونێکی بەردەوام



سوپای میللی ، وەك هێزێکی کاریگەر لە رووبەڕووبونەوەی رژێمە بەکرێگیراوەکەی تاران بەشداریەکی بەجەرگی نواند ، چ بە بەشداربونی لە جەنگ داو چ بە مانەوەی هەتابەیانی بۆ ئێشکگری لە پێناو پاراستنی خاك و دەسکەوتەکانی شۆڕش و هاوولاتیەکان ..

ئەوەبو « هاوکاری » لە شەوێکی گەرانیدا بۆ هەندێ لە بنکەکانی سوپای میللی ، چاوی بە چەند جەنگاوەرێکی سوپای میللی کەوت ..

● لە بنکەی سێزدەدا ، « تۆفیر صالح سمیر »دەڵێ:

+ خزمەتی وولات پێویستی بەقوربانیدان هەیەو بارێ ئەمڕۆی وولاتە بەرخەکەمان ئەو هەستە دەخاتە دڵی هەموو مرۆڤێکی بەجەرگ قوربانی بدات لە پێناو خزمەتی تێکڕایی دەسکەوتە مەزنەکەکانو سەرکردایەتی حزبو شۆڕش و ڕووبەڕوو بوونەوەی پیلانە نامرۆڤایەتیەکانی تاران و نۆکەرەکانی هاودژستی ئەم رژێمە بۆکەنە ، بەڵام ئاشکرایە بەری خۆر بەبێژنگ ناگیرێ ، ئەمڕۆش لەم وولاتەدا هەموو گەل لەگەل شۆڕشە ، بەتایبەتی لە بەرەنگاربوونەوەی رژێمە زاردسەنەکەی خومەینی کە هەمودنیا لە بەندو بالوورە ترسنۆکەکانی گەیشتووە چۆن بەبێ ویژدان بەربۆتە گیانی کۆمەڵانی خەڵك لە ئێراندا ، بەتایبەتی کەمە لەتەوایەتیەکان کە هەموو ئاواتێکی ئەم نەتەوانەی خستە ژێرپێ .. تەنانەت ویستی دەستە چەپەڵەکانی بۆ خاکی عیراق درێژ بکات بەڵام گەلو سوپای عیراق بەوپەڕی قوربانیدان وانەیەکی مێژووی فێردەکاو هەتا هەتایی لە بیری ناچێتەوە.

● لە بنکەی سێزدەدا ، وە لە کۆمەڵەی پێنجەمی ئەو بنکەیە جەنگاوەر « مجلد عمر دەرویش » ووتی :

+ کە هەستم بەوەکرد دوژمن دەیەوێ دەستدرێژی بکاتە سەر خاکی پیرۆز ، ئەك هەر چەکم هەڵگرتووە بۆ ناو شار ، بەڵکو ئامادەم کە وەك جەنگاوەرێك بجمە ناو جەنگەوەو بەوپەڕی هەستی لە خۆبوردن خوێنی خۆم بڕێژم ، بەتایبەتی بەرامبەر بە رژیمێکی وەك رژێمی خوێن مژی تاران ، کە لەزمانی مرۆڤایەتی ناگات و بڕ دەداتە گیانی نەتەوەکانی ئێرانو دژی هەموو سەربەستیەك دەوەستێ و لە هەموو ئاکارێکی مرۆڤانە بێئاگایە ، بێجگە لە خۆسەپاندنی بەسەر ئەم گەلە چەوساوانە و بێشێڵکردنی مافە ڕاستەقینەکانیان لە پاراستنی چارەنوسی دوارۆژیان .

● لە هەمان بنکەدا ، کۆمەڵەی چوارەم « محمد علی عزیز » لەوەڵامی پرسیارەکانی (هاوکاریدا)ووتی سەرکەوتنە پرلە فیداکارییەکانی سوپای عیراق ، تەنیا سەرکەوتنی ئەم سوپایە نیە ، بەڵکو سەرکەوتنی هەموو گەلی عیراقە بە کوردو عەرەبەوە ، هەروەها بەرگریەکی گەورەبە لە چارەنووسی گەلانی ئێرانو گێرانەوەی شکۆورێزی وولاتە پێروزەکەمان ، کە رازی نابێ هیچ بێگانەیەك بەناهەق شەڕی پێبفرۆشێ وبیەوێ مافەکانی پێشێل بکات . سەرکەوتنەکان وەك موژدەیەکی گەورە ئاواتی هەموو ئادەمیزادێکی مەردی هێنایە دی لە پێناو بەرگریکردنی خاك و وەستان دژی رژێمە رەگەزپەرستەکەی خومەینیو دەستەودایرە چەپەڵەکەی .

● بەیامنێری هاوکاری لە هەولێر

● کە سەرکردایەتی شۆڕشی هەوالی دەستپێکردنی شەڕی ڕاگەیاند ، گەلی عیراق بە هەموو نەتەوەکانەوەو، کرێکارو جوتیارو ، منداڵوژن وپیاو ، گیانی قوربانیدانی خۆیان دووپات کردەوە لەراوەستان لەباڵ شۆڕشدا بۆ بەرگریکردن لە مافە ڕاستەقینەکانو پاراستنی خاك و لەپێناو بەرزبوونەوەی دەنگی نارەزای دژی رژێمە رەگەز پەرستەکەی« خومەینی »ی نۆکەر ،کە پێشێلی هەموو خوو رەوشتێکی مرۆڤایەتی کردووەو ویستی دەستدرێژی بکاتەسەر خاکی عیراق ، بەڵام سەرکەوتنە مەزنەکانی سوپامان ، بوە پەندێك بۆ دەستەودایرەهەڵخەڵەتاوەکەی« خومەینی » و هەموونۆکەرە رووەرشەکانی نیمپریالیزمو مێژو ئەم وێنە پیرۆزەی پاڵەوانیەتیەی سوپای دلێرمان دەگێڕێتەوە ..

بۆردومان

جوێن فرۆکەی دوژمن بەلاماری شارەکەمانی داو بەکەمەر دەستی کرد بە بۆردۆمانکردن .. رێبوار خۆی پێرانەگیراو فرکەی کردە سەربانو تەماشای بۆردومانی فرۆکەکانی دەکرد. دایکی زۆر هاواری کرد هیچ نەبێ بێنە خوارەوە بەڵام کەڵکی نەبوو .... هێندەی نەبرد هاوارێکی بەهێز لە رێبوارەوە هات ... دایکی دڵی داخورپاو چوو بەدەم هاوارەکەیەوەو سەیری کرد رێبوار خەڵتانی خوێنە ... پاش کەمێك تیبەکانی فریاکەوتن گەباندیانە خەستەخانەو تیماریان کرد ... دوای ئەوەی هاتەوە سەر خۆی دەستە هاوڕێکانی رێبوار ئەهاتن بۆ ماڵەوەو داوایان لێدەکرد کە بۆیان بگێڕێتەوە چۆن فرۆکەکانی دوژمن رێبواریان پێکاوە ئەویش بە جاوێکی پڕ ئامۆژگاریەوە پێی ئەوتن لە راستیدا وەك پزیشکەکانی خەستەخانە پێی وتبوە مەرج نیە هەر فرۆکەکانی دوژمن بربندارمان کردا بێت بەڵکو هەندێ جاریش بە پارچەکانی هێزی دژی فرۆکەکە تێبان دەگرنو لە ئاسماندا دەتەقێنەوە خەڵکی بربندار دەبن .. لەبەر ئەوە رێبوار بە هەموویانی راگەیاند کە لە کاتی بۆردومانی فرۆکەکانی دوژمندا کەسیان نەچنە سەربان بەڵکو بچنە بەنایەکی چاکەوە بۆ ئەوەی خۆیان بپارێزن .

فریا

تیپەکانی بەرگری میللی لەخزمەتگوزاری هاوولاتیاندا

● چالاکیو جموجوڵی نیکۆشەرانەی جەماوەری گەلی عێراقمان ڕۆژ بەڕۆژلە گەل سەرکەوتنەکانی سوپای دلێرماندا بەرەو پێش کەوتنو زیادبوونو قوڵبوونەوە نەچێت کە ئەمیش هەمدیسان پشتگرتنو بەهێزکردنی جەنگاوەرانەلەشەری نەتەوەیی‌دا لەگەل خومەینی رەگەزپەرستدا ،بەرگری میللی یەکێکە لەو لایەنانەی کە بەشێوەیەکی چاکو لێهاتوانە چالاکیەکانی خۆی پێش‌کەش بە جەماوەری گەلەکەمان ئەکات ، ئەویش بەهۆی ئەوتیپە زۆرانەوەیە کە لە هەموو شارەکاندابڵاوبوونەوەتەوە .



پ . هاوکاری لەسلێمانی

● لە شاری سلێمانیشدا گەلێ تیپی تێکۆشەری بەرگری میللی دامەزراوە کە هاوڵاتیان بەکورو کچەوە بەرەزای خۆیان تەرخان کردووە بۆ خزمەت کردنی هاوڵاتیان بۆ زیادی ورەو رادەی ئەم خزمەت گوزاریەیە لە ناو ئەندامانی ئەو تیپانەدا هاوکاری سەردانێکی کردە ناویانو ئەم چەند گفتوگۆیەمان لە گەڵدا کردن .

● سەرەتا کاك هوشیار عباس مصطفی وتی :-

+ ئیشوکاری ئێمە بەشێوەیەکی گشتی لە کاتی بوردومانی فرۆکەکانی درژمندا دەست پێئەکاتو هەر لە گەل دەستی پێکرد ئیتر خێرا ئەندامانی تیپەکانمان بەرەو شوێنی بوردوومان ئەڕۆنو هەر کەسە ئیشی خۆی جێبەجێ ئەکات وەکو ئیسعافاتی ئەوەلیو ئاگر کوژانەوە وریانمایی هاوڵاتیان بۆ ژێر زەمینو شوێنە ئەمینەکانو گەلێ کاروباری تری کوتوپڕی .

● هەروەها خوشکە قومری سعید طه ئەندامی تیپەکە دەربارەی ئەرکەکانی سەرشانیان ئەڵێ .

+ هەر کاتێك گوێمان لە شاوری ئاگادارکردنەوە بوو یەکسەر ئەچینە سەر جادەکانو هەموو ئوتومبێلەکان رانەگرینو هاوڵاتیان بەرەو نزیکترین ژێرزەمین وشوێنی ئەمین ئەبەینو ورەیان بەرز ئەکەینەوە ومن بەش بەحاڵی خۆم بەم کارەم زۆر شادمانم چونکە بەهاوبەشیەکی بچوکی ئەزانم لەم شەرەدا کە شەری هەموو عێراقیەکانە بە عەرەبو کوردو براکانی تریشەوە و ئەم ئیشەی ئێمە باشترین پاڵپشتی سوپایە لە بە هێزکردنی جەبهەی ناوخۆدا .

● دوای ئەوە کاك حسین رحیم سلطان وتی :-

+ ئەم ئەرکەی ئێمە بەشێکە لە ئەرکی پیرۆزی سەرشانمان بەرانبەر بە گەلو نیشتمانمانو ئەتوانم بڵێم فەرزێکی‌نیشتمانو گەلەکەمانەو ئەبێ ئێمەی گەنجو لاو لەم کاتە پێویستی‌یەدا بیدەینەوە لە پێناوی پاراستنی کەرامەتو گەورەیماندا .

● ئینجا کاك همت کریم فتاح دەربارەی سەرکەوتنەکانی هێزەکانمان لە شەری قادسیەی صدامدا وتی :-

+ بەدڵێکی شادەوە پیرۆزبایی هەموو سەرکەوتنەکانی هێزەکانی چەکداری دلێرمان ئەکەم کە لە هەموو جەبهەکاندا بە دەستیان هێناوە ، بەرادەیەك توانیویانە دەرسێکی وا بدەن بەدوژمن کە هەرگیز بیر لە داگیرکردنی زەویو مافی ئێمە نەکەنەوە .

● برادەر کاك ئاکۆ ئیبراهیم میرزا ئەڵێ :-

+ ئەم ئەرکەی من ئەرکێکی زۆر بچکۆلەیە بەرانبەر بەنیشتمانو گەلو نەتەوەمان و هیوامان گەلێك گەشە کە سوپامان سەرکەوتووە لە هەموو شەرەکاندا سەرکەوتنی گەورەتر بەدەستدێنیو مافی زەوت کراومان وەرئەگرێتەوە

● هەروەها کاك کوردە صابر فقی کریم وتی :-

+ ئێمە زۆر شادمانین بەسەر کەوتنەکانی سوپای دلێرمان لەهەموو جەبهەکانداو ئامادەیی خۆمان نیشان ئەدەین بۆ پاراستنی جەبهەی ناوخۆ ، چونکە هاوبەشی لەم شەرە ئەرکی سەرشانی هەموو نیشتمانی پەروەرێکەو نیشتمانو گەلمان چاوەروانی دەستو بازوی ئێمەیە کە مافەکانی بپارێزین .

● کاك فوەاد کریم محمد وتی :-

+ کاتێك بۆردومانی ناوچەکەمان ئەکرێتو ئێمەش ئەرکی سەرشانمان بەجێ ئەهێنین هەست بەشادمانیو دلخۆشی بێپایان ئەکەین ، چونکە ئیشێکی نیشتمان پەروەرانەمان کردووەو خزمەتی هاوولاتیانو نیشتمانی خۆمان دەکەین و ئامادەشین کەچەك هەڵبگرین‌و بچینە جەبهەی شەرو یارمەتی چەنگیناوەرە پاڵەوانانەکانمان بدەین و لێرەش لە ئەرکی سەرشانمانا هەرگیز کەم تەرخەمی ناکەین‌و هەمیشە ئامادەی هەموو رووداون‌و کارەساتێکی ناخۆشین‌و خوا بۆبێ سەرکەوتن بەشی ئێمە ئەبێت .

● لە کۆتاییدا کاك زێبار نوری عزیز وتی :-

+ ئێمە کە لە تیپەکانی بەرگری میللی‌دا ئیش ئەکەین، خۆمان بەشادمان ودل ئاسودە ئەزانین‌و سەرکەوتنەکانی سوپای دلێرمان زیاتر هانمان‌ئەدات کە دڵسۆزانەتر لە خزمەتی نیشتمان‌و گەلی پاڵەوانی خۆماندا بین‌و هەمیشە ئامادەین بۆ خۆبەخت کردن لەپێناوی پاراستنی خاکو نیشتمانی خۆماندا .

Institut Kurde de Paris

گەپەردەیان لە پردا

• شەمال •

چی دەربارەی رژێمی رەگەز پەرستی تاران بنووسین ؟ چ لاپەڕەیەك لەلابەڕەکانی کردەوەکانیان لەماوەی زیاتر لە ساڵو نیویکی حوکمرایی نەو تاقمە«غەریبو سەیرەی» خۆیان بەسەر گەلانی ئێراندا کردوە بە مێردەزمە بۆ نەوەی ئیستاوداهاتوو بگێڕینەوە سنووری نەتەوەکانی ئێران دوای دزینی شۆڕشە کەیان کە شای ئێرانیان پێ روخاندو ئەمان بەزۆر خۆیان بەسەر ئەنجامی رەنجی ئەواند سەپاند ـ خەریك کردنی گەلانی ئێرانو بەلکو ناوچەکە هەمووو بەشەری لاوەکیو شانویی بێماناو بێ ناوەرۆکەوە هەر لە شانۆیی (ناردنە دەرەوەی شۆڕشی ئیسلام) ەوە هەتا داوا کردن بەخاوەنیەتی خاکی عیراقو ئاوی خەلیجوخاکی بەحرێنەوە تا بە بارمتە گیراوەکانی ئەمەریکاو ئینجا شەڕ فرۆشتن بە عیراقی دراوسێو تەنگ پێ‌هەلچنینی ...

بێگومان‌ئەم کردەوەیەیان (شەڕ فرۆشتن بە عیراق) دەستی کردن بەزاخا .. پەردەی لەروو درین‌و بەری دەستیان کەوتە روو ، دوا شانویی (بە بەبارمتە گیراوەکانی ئەمەریکا)

روخاو حوکم راکانی ئێران رووتو قوت دەرکەوتن لەمەوە، دەرکەوت هەرچی تری ئەمانە وتیان و کردیان لەوە تێ‌نەپەڕیوە رێگایان بۆ چونە باوەشی ئیمپریالی ئەمەریکا خۆش کردوە ، بەلی شەڕی نێوان عیراقو ئێران رووی ئەوانی هەلمالی ، بەلکو لێدانی بەزەبری سەربازە جەنگاوەرەکانی عیراق وای سزادان ئەوان ناچاربوون بەردە لەرووی خۆیان لابەرن تا رادەی ئەوەی «خەلخالی » کە بەتەن « شۆڕشگیری » لە بازاردا دەفرۆشت ئەمجارەیان ناچار بوو ئەوەنده بە قیژە بلێ (ئەمەریکا فریامان کەوە) عەمامەکەی کەوتە خۆارەوە ...

سلاو لە دەستی شێرانەی جەنگاوەرەکانی عیراق کە بەرگی فریشتەی لە لەشی شەیتانەکانی ئێراندا دڕی ..

تەوتەم

شیعری : سمیح القاسم
وەرگێڕانی قیان

« تەوتەم ، حیکایەتێکی ئەفەریقایی‌یەو باسی کێشەی خێڵێك ئەکا لەگەل دەلەرێوێکی درندە ... لەئەنجاما خێڵەکە سەرئەکەوێ ..!!»

نیلەنیلی ئاگر لەنێو دڵی نیوەشەوا ، ئەچریکێنێو
دەهۆڵی دەنگ ئەداتەوە ..
پاشەڕۆکی بێدەنگی‌یەکە ،
بەدەنگی دەهۆڵێکی گرووقەبەو هاوارو نالەی تەپڵوتاس
لەژێر گژوگیا چرەکاندا ، ئەخشێن .
نامێنێ .
مارەزەردە برسیەکان ،
ئاوازە خنکاوەکان ، دەوروژێنەوە .
جەنگەلەکان بەدەردەنگەکان ، شەپۆل ئەدەنەوە
زریکەی ئەژدیهاکان ، لافاو ئەکەن
لەدەوری ئاگرا ،
کۆمەلەزنجیەك ، وەکو تارمایی
دەس بەسەمایەکی بەجۆش ئەکەن
سێبەرەکان ،
بەدوودڵی ، بەسامناکی
بەرەو دەوروبەری جەنگەلەکە ، دائەکشێن
شەوتار ، بەهاژنی تۆلە شەق ئەبێت
تەوتەم .. تەوتەم .. تەوتەم
لەپەڕەشەکان ،
پێستی دەهۆلەکان ، گەرم ئەکەن
لەتاوی ئازار ، دەنگ‌ئەداتەوە
دم دم .. دو .. دو .. دم
دم دم .. دو .. دو .. دم
رق‌وکینەی چاخەکان ، ئەورژێنەوە .
شەوتار ، بەهاژنی تۆلە ، شەق‌ئەبێتەوە
تەوتەم .. تەوتەم .. تەوتەم .
لەنێوتری ئاگرا .
سەرە نێزەکان ، سەر هەلئەدەنەوە
شوورەیی چاخەکان ، بەخوێن ئەشۆن
« ئەم جەنگەلە ، گۆڕی تۆیە .. ئەی داگیرکەر !! »





گۆرانی قادسیە

کە هەڵۆی سبی قادسیە
پرووشە ڕۆژی کردەیاران
ئێمەی گەلانی ئێرانیش
سووك .. سووك
تاریکیمان جێ هێشت
لە بیرمان کرد
ڕۆژی بێ‌ئان ..
ڕوناکیمان کردەیەرو
سنگمان دایە
بەر ئەوینی سەربازەکان
ئێستا هەموو منالانمان
گۆرانی ئازادی دەڵێن
لە باتی کولێرەی گەرم
مانگیان لە دەستاکانیانا
هەڵگرتوەو گۆرانی
قادسیە دەڵێن ..

نامینە محمد

ئەم خومچێتی‌یە بسڕنەوە !

خۆم چی‌یەکان ئێوە ئەو گەلانە بەناوی ئەوەوە دەلوژن کە گوایە بێ بڕوان، بەلام ئەوەش چاك دەزانی ئەو گەلانەی ئێران زۆر لەو ولاتانەی تۆ پەیوەندی بڕواییشت لە گەلیاندا هەیە بەدین ترن ، هەرچۆنێك بێت تۆ خۆشت دەزانی کە یەکێکیت لە مانە « والذین کذبوا بآیاتهم یمسهم العذاب بما کانو یفسقون » ئەی سەماکەرەکەی بازاڕی خوم کوردەکان ڕیز دەکەیتو بەمەرگیان پێ‌دەکەنیتو ئەوانیش بەچاو بەستراوی تف لەریشە ـ درۆزنەکەت دەکەن تۆ لەوە زراوت تۆقیوە کە کوردەکان بەبەردی خەم بەهێزتر دەبن ، سبەینێ چەکی گەلانی ئێرانت لێ ڕاست دەبێتەوە تۆکونده پەپویەکی‌و بۆ ڕوخانی هەموو مرۆڤایەتی دەخوێنی ، ئاشتیت لە ڕووی هیچ مرۆڤێکدا نێدانیەو گەلانی ئێرانیش کلاوی درۆی تۆ لەسەر نانێنو بەرەدی فزولیت لەسەر لادەدەن کەتۆ یەکێکی لەوانەی ئەم ئایەتە پیرۆزە دەبانگرێتەوە (ومن یعص‌الله ورسوله ویتعد حدوده یدخله نارا خالدا فیها و له عذاب مهین) کەواتە ئەی گەلانی ئێرانی خوشەویست خومەینی دەیەوێ ولاتەکەتان بکاتە خۆڵەمێش دەڵێی ڕابەرنو بیانبرنەوە ..! ئەم خومچێتی‌یە بسڕنەوە .!

ـ هاوار ـ

خۆم چی‌یەکان ! ئێوەخراپ بیرتان کردەوە بۆیە بەو جۆرە لە خوینی خۆتانا هەلنیشتن ، وا ئەم شەڕە سەری ئاوە بەدووەم مانگەوەو ئێوەش ڕۆژ بەڕۆژ جێتان پێ لەق دەکرێتو کونی‌زۆر بچوکتان لێ بۆتە فەیسەری ، هێندە سادەن‌دڵی ڕژێمەکەتان بەوە خۆش کردوە کە شەو دێتو ،بەفردەباری و ، شەختە پەنجەکان هەلدەوەرێنن ،کزەبا چاو لێل دەکاتو هەلدێران شۆڕش گێڕەکان‌دێتە کۆشی مەرگی‌یەوە . بەلام ئەو شتانەی ئێوە بیری‌لێ دەکەنەوە ، لە ئازادی خوازان نەبێت لە هەمووشتێك کار دەکات .

Institut kurde de Paris